دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٨١

چوارشەممە ● ١٥ی رەشەمەی ١٣٨٦ ● ٥ی مارسی ٢٠٠٨ ● ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران




سەرکەوێ کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### کۆنگرەی ١٤:

# کۆنگرەی ریفۆرم‌و قووڵایی بەخشین بە ستراتژیی نەتەوەیی



سۆسیال دێموکراسیی چیە؟

٩



٨ی مارس

رۆژی هاوپێوەندی‌و

هاوخەباتیی ژنانی..

١١

## چاوەڕوانییەکان لە دەروازەی کۆنگرەی ١٤ دا

عەولا بەهرامی

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری پێکهێنانی کۆنگرەی چواردەیەمی خۆی دایە، کۆنگرەیەک کە هەڵگری کۆمەڵێك چاوەڕوانیی زۆر گرنگ‌و سەرەکییە کە دەتوانین سەردێرەکانی لە ریفۆرم‌و بووژانەوەو چالاك کردنەوەی حیزب‌و قووڵکردنەوەی ستراتژیی نەتەوەیی دا کورت بکەینەوە. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین کۆنگرە کاتێك دەتوانێ بە کۆنگریەکی جیاواز لە کۆنگرەکانی پێشوو دابنرێ کە توانیبێتی لە پێناو ئەم ئامانجەدا کە لە راستی‌دا تەواوکەری یەکترن هەنگاوی بە بڕشت‌و لێبڕاوانەی هەڵێنابێتەوە. دیارە ئەم چاوەڕوانییانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رێبەرایەتی‌و تێکۆشەرانی حیزب بەو خوێندنەوە رەخنەگرانە فرەرەهەندە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کارو تێکۆشان‌و پێکهاتەو پێوەندییە نێوخۆییەکانی حیزب‌و .... کردوویانە لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا بە گوتارێکی‌نەتەوەیی‌تر چاکسازییخوازانەوە لە گۆرەپانی سیاسیی کوردستان دا دەرکەوتوون.

هەر چەند روانینی رەخنەگرانەو سرووش وەرگرتن لەو یەکەم هەنگاو و لە راستی‌دا بەردی بناخەی چاکسازی‌و بووژانەوەی حیزبە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین بۆ ئەوەی وادەکانی ریفۆرم کردەیی کردنی بن پێویستە ئێستا بیر لە رێگاکانی کردەیی ریفۆرم بکەینەوە. بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرەی حیزب وەك گرنگترین دەسەڵاتی بڕیاردەر دەبێ کۆمەڵێك ئەرکی بکەوێتە سەرشان کە ئەگەر نەتوانێ بەباشی جێبەجێیان بکا بێ گومان کارتێکەریی خراپ‌و نەرێنیی بۆ پرۆسەی ریفۆرم بەدواوە دەبێ‌و تەنانەت ئەو هەنگاوانەش پووچەڵ دەکاتەوە کە بەر لەم کۆنگرەیە هاوێژراون.

گرنگترین ئەو ئەرکانە کە لەم پێناوەدا پێویستە کۆنگرە جێبەجێیان بکا، دەتوانین بەم چەشنە ریزبەندی بکەین: هەڵسەنگاندنێکی نوێ لە بارودۆخی سیاسیی جیهان‌و ناوچەو هاوسەنگیی هێزەکان، پەسەندکردنی بەرنامەو پێرەوێکی پێشکەوتووانە، قووڵایی بەخشین بە ستراتیژیی نەتەوەیی، ئەرکدار کردنی رێبەریی داهاتووی حیزب، بە پرۆژەمەندکردنی لایەنەکانی ریفۆرم لە پێکهاتەو سەرجەم بوارەکانی کارو چالاکیی حیزب، لە بەر رۆشنایی "هێڵەگشتییەکانی رێبازی ئێمە"دا ، لە بەر چاو گرتنی توانایی‌و لێزانی وەك پێوەری هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەریی حیزب‌و وەلانانی ئەو پێوەرە کلاسیکانەی تا ئێستا لەم بارەیەوە کاریان پێ کراوە، دیاریکردنی چوارچێوەی تاکتیك یان تاکتیك گەلی نوێی خەبات‌و دەروەست کردنی رێبەریی حیزب بە پراکتیزە کردنیان، دەروەست کردنی رێبەرایەتیی داهاتوو بە هەوڵدان لە پێناوی پێکهاتنی بەرە یا هاوبەندی یان پلاتفۆرمێك لە پێناو پتەوکردنی خەباتی نەتەوایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

٢

## سوپای تورکیە بە داماوی پاشەکشەی کرد



© AP

رۆژی هەینی ١٠ی رەشەمە سوپای تورکیە رایگەیاند کۆتایی بە چالاکییەکانی لە دژی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باشووری کوردستان هێناوە.

پاشەکشەی هێزەکانی سوپای تورکیە لە باشووری کوردستان لە کاتێك دا دەستی پێ‌کردوە کە ئەمریکاو حکوومەتی هەرێم‌و دەوڵەتی عێراق داوایان لە دەوڵەتی تورکیە کردبوو هەرچی زووتر هێزەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ خاکی وڵاتەکەی.

دەستدرێژیی زەمینیی هێزەکانی سوپای تورکیە بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان رێکەوتی ٢ی رەشەمە دوابەدوای بوردمان کرانی ناوچە سنوورییەکان لەلایەن فرۆکەکانی سوپای تورکیەوە دەستی پێ‌کرابوو.

شایانی باسە ئەم دەستدرێژییەی سوپای تورکیە زیانی گیانی‌و ماددیی زۆری لە دانیشتوان‌و رێگاوبانی هەرێمی کوردستان داوە.

دەستدرێژیی هێزەکانی سوپای تورکیە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بووتە مایەی ناڕەزایەتیی کوردان لە بەشەکانی کوردستان‌و دەرەوەی وڵات‌و هەروەها لە نێوخۆی تورکیەو بەتایبەت لە شارەکانی باکووری کوردستان دا خۆپێشاندانی جەماوەریی کوردانی لێ کەوتەوە.

پاشەکشەی لەنەکاوی سوپای تورکیە بۆ جارێکی دیکە سیاسەتی شەڕخوازانەی سوپاسالارەکان‌و دەوڵەتی ئیسلامییەکانی ئەم وڵاتەی لە نێو میدیاکان‌و بیروڕای گشتیی تورکیەدا خستوتە ژێر پرسیار.

## حوکمی ئێعدام بۆ ٣ چالاکی مەدەنی لە کوردستان دەرکرا



فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان‌و فەرهاد وەکیلی لە لایەن لقی ٣٠ی دادگای شۆرشی تارانەوە بە ئێعدام مەحکووم کران. فەرزاد کەمانگەر بە ئێعدام، عەلی حەیدەریان بە ١٠ساڵ زیندانی‌و ئێعدام‌و هەروەها فەرهاد وەکیلی بە ١٠ ساڵ زیندان‌و ئێعدام مەحکووم کراون.

ئەو ٣ چالاکە کوردە لە خەرمانانی ساڵی ١٣٨٥دا بە تۆمەتی شەڕ لە گەڵ خوا (محاربە) دەسبەسەر کرابوون‌و لەو ماوەیەدا هەواڵی ئەشکەنجە کرانیان لە گرتووخانەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی کرماشان، سنە، بەندی ٢٠٩ی ئێوین بڵاو کرایەوە. جەلەسەی دادگایی ناوبراوان رۆژی ١٠ی رێبەندان لە لقی ٣٠ی دادگای شۆرشی تاران‌و بە دادوەریی کەسێك بە ناوی تیارامی لە کەمتر لە ٧ دقیقەدا بەرێوە چوو و مەحکووم بە ئێعدام کران.

## پەسند کرانی بڕیارنامەی نوێی ئەنجومەنی تەناهی دژی ئێران



سێهەمین بڕیارنامەی گەمارۆکانی ئەنجومەنی تەناهی دژی ئێران بە ١٤ دەنگی ئەرێ پەسند کرا. ئەندونزی دەنگی بێلایەنی بە بڕیارنامەی ١٨٠٣ی ئەنجومەنی تەناهی دژی ئێران دا.

نوێنەرانی ١٥ وڵاتی ئەندامی ئەنجومەنی تەناهیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دووشەممە(٣ی مارس) لە نیویۆرك دەربارەی بڕیارنامەی پێشنیاریی فەرانسەو بریتانیا دژی ئێران دەنگیان دا.

سێ ئەندامی ئاسایی ئەنجومەنی تەناهی واتە لیبی، ویتنام‌و ئەفریقای باشوور هەر چەند پێشتر سەبارەت بە بەرنووسی بڕیارنامەکە پەرۆشییان نیشان دابوو پشتگیرییان لە بڕیارنامەی نوێی گەمارۆکان دژی ئێران کرد.

بڕیارنامەی ١٨٠٣ی ئەنجومەن لە چوارچێوەی پاژی حەوتەمی بنەماکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دایەو بۆیە پێویستە جێبەجێ بکرێ. لەم بڕیارنامەیەدا ناوی ١٣ کۆمپانی‌و ١٣ بەرێوەبەری باڵای دامەزراوە ناوکییەکان بە لیستی گەمارۆکانەوە زیاد کراون.

## دیداری سەرکۆماری رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە عێراق



AFP

رۆژی یەك شەممە ١٢ی رەشەمە مەحموود ئەحمەدی‌نژاد سەرۆك کۆماری رێژیمی ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی دیدار لە گەڵ بەرپرسانی حکوومەتی عێراق گەیشتە بەغدادو لە لایەن سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە مام جەلال تاڵەبانی‌و بەرپرسانی پایەبەرزی دەوڵەتی عێراقەوە پێشوازیی لێ کرا.

لە ماوەی سێ دەیەی رابردووداو دوای شەڕی هەشت ساڵەی نێوان دوو وڵاتی ئێران‌و عێراق ئەمە یەکەمین سەفەری سەرۆك کۆمارێکی ئێرانە لە عێراق. هەر چەند ئەحمەدی نژاد لە بەغدا گوتی دیداری ئەو لە عێراق وەرزێکی نوێیە لە "پێوەندییە برایانەکان"ی نێوان ئێران‌و عێراق بەڵام رۆژێك پێشتر جۆرج بووش پێی لە سەر ئەوە داگرتەوە کە ئێران دەبێ ناردنی چەك بۆ عێراق راگرێ‌و گوتی پەیامی من بۆ سەرۆك کۆماری ئێران ئەوەیە کە هەناردەی تیرۆر راگرێ.

شایانی باسە رۆژێك بەر لە سەفەری سەرۆك کۆماری ئێران بۆ عێراق مایك مولێن، سەرۆکی ستادی هاوبەشی سوپای ئەمریکا، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گەیشتە بەغدا تاوەکوو لە گەڵ فەرماندەران‌و کاربەدەستانی عێراقی دیدارو چاوپێکەوتن بکا.

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی هێرشی تورکیە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان

## ئامانجی هێرشی تورکیە لەنێوبردنی ئەزموونی باشووری کوردستانە

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکان!

ئەرتەشی تورکیە لەم رۆژانەی دوایی‌دا هێرشەکانی بۆسەر هەرێمی کوردستانی عێراق بەربڵاوتر کردوە. ئەگەر جاران زیاتر بە فرۆکەو تۆپخانەی دوورهاوێژ بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی ئاگرباران دەکرد، ئەم جارە نیازی راستەقینەی خۆی لەو پەلامارە نیزامی‌یە ئاشکرا کردوەو وێڕای بۆمبارانی هەوایی هێرشی وشکانییشی دەست پێ‌کردوەو رێگاو پردو نوختە گرنگە ئابووری‌یەکانی هەرێمی کوردستانیشی داوەتە بەر پەلامار. تا نووسینی ئەم بەیاننامەیە لانی کەم چوار پردی گرنگو چەند رێگای هاتوچۆی تێكو پێك داونو بە میلیۆن دۆلاری زیان بە هاونیشتمانانی باشووری کوردستان گەیاندوە.

بەو پێیە ئامانجی پەلاماری ئەرتەشی تورکیە بێ‌پەردە خۆی نواندوە. گریلاکانی p.k.k بیانوویەکنو مەبەست نائەمن کردنی ئەو تەنیا ناوچە ئارامەی عێراقو پووچەڵ کردنەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە. لەو حاڵەدا ئەرکی نیشتمانپەروەرانی کورد روونو قورسو هەر لەو کاتەدا پیرۆزە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیە بەدژی هەموو دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان دەستی داوەتە پەلامارو دەیەوێ زەبر لە تەواوەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بدا، ئەرکی تێکۆشەرانی رێگای رزگاریی کوردستانیشە کە هەموو تێ‌بینیو جیاوازی‌یەکی بیروڕا وەلا بنێنو یەکپارچە بۆ راوەستاندنو تەواوکردنی ئەو پەلامارە بکەونە کار.

ئاواتی ئێمە ئەوەیە هەم کۆمەڵانی خەڵك لە هەموو بەشەکانی کوردستانو هەم هێزە وڵاتپارێزەکانی کورد دەستی هاوکاری بدەنە دەستی یەکترو بە هەمووان ئەو پەلامارە نیزامی‌یە کە هەڕەشە لە دوارۆژی هەمووان دەکا پووچەڵی بکەنەوە. ئەرکی رێبەرایەتیی کورد لە باشووری کوردستانیشە کە رێگا بۆ دیفاعی هاوبەشی هەموو کورد لە دەسکەوتەکانی ئەو هەرێمە خۆش بکاو دەرەتانی بەشداری لەو بەرگری‌یە رەواو نەتەوەیی-دا بۆ هەمووان بڕەخسێنێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەیی خۆی بۆ بە جێگەیاندنی هەر ئەرکێك کە لەو پێوەندی‌یەدا بکەوێتە سەرشانی رادەگەیەنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو کاتەدا ئارەزوو دەکا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو وڵاتە بڕیار بەدەستەکانی جیهان بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نفووزی خۆیان بۆ وەستاندنی پەلاماری تورکیە بەکار بێننو رێگا نەدەن ناوچەکەمان بکەوێتە نێو ئاگری شەڕێك کە ئاکامەکەی بۆ هیچ کەس روون نیەو رەنگە هیچ لایەنێکیش لە زەرەرو زیانەکانی لە ئەمان دانەمێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١٣٨٦/١٢/٥ (٢٠٠٨/٢/٢٤)

## سەردانی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرۆکی پارلمانی کوردستان



رۆژی چوار شەممە ٢ی رەشەمە شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێك هاتبوو لە بەرێزان مامۆستا عەبدلڵا حەسەن زادە تێکۆشەری دێرینی کورد، کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیو خالید وەنەوشە جێگری بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری هەولێر سەردانی بەرێز عەدنان موفتی سەرۆکی پارلمانی کوردستانیان کرد کە لە گەڵ پێشوازیی گەرمی ناوبراو بەرەوروو بوون.

لەم دیدارەدا کە ماوەی یەك کاتژمێری خایاند باس لە بارودۆخی سیاسیی کوردستانو سەرکەوتنەکانی ئەم چەند ساڵەو پێشهاتەکانی داهاتوو کراو هەر دوو لا بیروڕای خۆیان لە سەر ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە وەزعی کوردستانەوە هەیە دەربڕی.

## دیداری شاندێکی حیزبی دێموراتی کوردستان لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان



رۆژی سێ شەممە ٧ی رەشەمە هەئیەتێکی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە شاری سلێمانی کرد.

شاندی حیزب کە پێکهاتبوو لە هاورێیان حەسەن رەستگار، حەسەن قادر زادە، عومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو محەممەد حەسەنپوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن بەرێزان مەلا بختیار ئەندامی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، کوردۆ قاسم بەرپرسی پێوەندییەکان، شادمان مەلا حەسەنو مامۆستا عەلی ئەندامی مەکتەبی پێوەندییەکانی یەکیەتیی نیشتمانی بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەو چاوپێکەوتنەدا کە ٢ کاتژمێری خایاند وێڕای هەڵسەنگاندنی دۆخی گشتیی کوردستانو پێویستیی لێك نزیکبوونەوەی هێزە کوردستانییەکانو هاوکاریی دوولایەنە، لە سەر پتەو کرانی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوولا پێداگیرایەوە.

## رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك محەممەد گادانی بەرێوە چوو

رۆژی شەممە رێکەوتی ١١ی رەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ کاك محەممەد گادانی لە یەکێك لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی بەرێوەچوو.

لە سەرەتای رێورەسمەکەدا کاك حەسەن رەستگار بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسیی حیزب، پەیامێکی پێشکەش بە بەشداران کردو رێزو وەفاو ئەمەگناسیی خۆیو حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ هاوڕێی کۆچکردوو کاك محەمەد گادانی دووپات کردەوە. پاشان مامۆستا عاشق بە خوێندنەوەی شێعرو کاك هاشم رۆستەمی بە پێشکەش کردنی پەخشانێك رێزیان لە یادوبیرەوەریی ئەو تێکۆشەرە کۆچکردووە گرت.



دواتر کاك ئیقبال سەفەری بە نوێنەرایەتیی ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات پەیامی سەرەخۆشیی پێشکەش کردو بە دوای ئەودا خاتوو کوێستان گادانی کچی کاك محەممەد گادانی بە نوێنەرایەتی لەلایەن بنەماڵەی گادانی رێزو ئەمەگناسیو سوپاسی پێشکەش بە هەموو ئەو کەسو لایەنانە کرد کە بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك محەممەدەوە هاودەردیو هاوخەمیان لە گەڵ کردوونو هەروەها رێزو سڵاوی بنەماڵەی گادانیو حیزبی دێموکراتی بە خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد راگەیاند کە بە بەشداری لە پرسەی کاك محەممەد رێزو ئەمەگناسییان بۆ تێکۆشەرانی رێگای رزگاریی کوردستان دووپات کردۆتەوە.

پێویستە بگوترێ دوای نیوەرۆی هەمان رۆژ دۆستانو لایەنگرانی حیزبو دەیان کەسایەتیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی رۆژهەڵاتو باشووری کوردستان کە لە نوێنەرانی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتو باشووری کوردستان پێکهاتبوون، لە رێورەسمی پرسەی کاك محەممەددا بەشدار بوون.

جێگای ئاماژەیە هەر بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك محەممەد گادانیەوە، ئەندامانو دۆستانی حیزب لە دەرەوەی وڵات چەند رێورەسمی تایبەتیان بەم بۆنەیەوەپێکهێنا کە بە سەدان کەس تێیدا بەشدار بوون.

درێژەی

## چاوەڕوانییەکان لە دەروازەی کۆنگرەی ١٤ دا

هەر چەند گومان لەودانیە کە ریفۆرمو چاکسازی پێویستیان بە پرۆسەیەکی زەمەنی هەیەو هەنگاوەکانی ریفۆرم وەك زنجیرەیەك پێکەوە بەستراونەتەوەو تەواوکەری یەکترن، بەڵام بەو حاڵەش کە باس لە پرۆسەی ریفۆرم لە هەر حیزبێکی سیاسی‌دا دەکرێ، کۆنگرەی حیزب وەك باڵاترین ناوەندی بڕیاردەر دەتوانێ دەوری سەرەکیی لە گیان بەخشینو بەردەوامی‌دان بە ریفۆرم دا هەبێ. بۆیە لێرەدا بەپێویست دەزانین روو لە ئەندامانی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەینو وەبیریان بێنینەوە کە ئەم کۆنگرەیە لە کاتێك دا پێك دێ کە تێکۆشەرانی حیزب بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە هەمەلایەنەیەی لە یەك دەیەی رابردوودا تێیدا بووە کۆمەڵێك هەنگاویان هەڵێناوەتەوەو بە کۆمەڵێك وادەو خولیای گۆڕان خوازانەو چاکسازیخوازانەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دا دەرکەوتوون. بۆیە دەبێ چەسپاندنی بنەماکانی ئەم ریفۆرمانەی پێویستە لە حیزبو سیاستو چالاکییەکانی دا بکرێن لە پلەی یەکەمی کارەکانی کۆنگرەدا بن.

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

**سەقز:**

## چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی

دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری سەقز بە سەدان تراکت و بڵاوکراوەی حیزبیان لە شەقام و کۆڵان و شوێنە گشتییەکانی شاردا بڵاو کردەوە. کە بووە مایەی خۆشحاڵیی خەڵك و تووڕەیی کاربەدەستانی ڕێژیم، بە شێوەیەك کە مەئمووڕانی ڕێژیم بە پەلە و بە نیگەرانی دەستیان دایە کۆکردنەوەی تراکتەکان.

ئەو شەقام و گەڕەکانەی کە چالاکییان لێ بەڕێوە چووە بریتین لە:
شەریفاوا، مەلاگوڵان، دەوروبەری دانیشکەدەی فەننی، شەهرەکی دانیشگا، قەوغ، بلواری وەحدەت، شیوی جووتیاران، تەپەی جووتیاران، بەردبڕان، کانی گەرمکاو، پیری خەزایی، بازاڕی تاژەبانچی، ناو بازاڕی گەورەی شار، بەهارستانی سەروو و خواروو، تاریکە بازاڕ.

## سۆهراب کەریمی، چالاکی خوێندکاری بە بارمتە ئازاد کرا

سۆهراب کەریمی خوێندکاری زیندانیی کورد بە بارمتەی ١٥٠ میلیۆن تمەنی ئازاد کرا.

سۆهراب ڕۆژی ١٨ی سەرماوەزی ئەوساڵ بە دوای قسەکردن لە کۆبوونەوەی خوێندکارانی زانکۆی تاران کە بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکار بەڕێوە چوو، دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندان کرا. هاوکات لە گەڵ ناوبراو، ٣ چالاکی خوێندکاری کوردی دیکە بە ناوەکانی فەرشاد دووستی پوور، جەواد عەلیزادەو محەمەدساڵح ئەیومن ئازاد کران. فەرشاد بە بارمتەی ٥٠ میلیۆنیو جەواد بە بارمتەی ٨٠ میلیۆنی ئازاد کراوە، بەڵام تائێستا چارەنووسی محەمەد ساڵح ئەیومن روون نیە.

سۆهراب کەریمی خوێندکاری کارناسیی باڵای زانستە سیاسییەکانو ئەندامی یەکیەتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێرانە.

**سەقز:**

## لاوێکی وەرزشوان قۆڵبەست کرا

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندان وەرزشوانێکی لاوی سەقزی بە ناوی" ئەیووب حەسەنی" لە ماڵی خۆیان لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە هێرشی کرایە سەرو پاش پشکنینی کەلو پەلی ماڵو دەسبەسەرداگرتنی کامپیوتێرەکەی، قوڵبەست کراو بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواسترا.

پێویستە بگوترێ بنەماڵەی ناوبراو چەند جار سەردانی ئیدارەی ئیتلاعاتیان کردوەو داوای دیتنی کوڕەکەیان کردوە، بەڵام لە وەڵام دا پێیان گوتراوە کوڕەکەتان ئازادکراوە. ئەوە لە کاتێکدایە ئەیووب حەسەنی چەند ڕۆژە بێ سەرو شوێنە.

**بۆکان**

## کوژرانی دوو کەس لە پێوەندی لەگەڵ مادده سڕکەرەکاندا

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دوو کەس لە شاری بۆکان لە پێوەندی لە گەڵ مادده سڕکەرەکاندا کوژران.
ڕزگار تەمەن ٢٦ ساڵە فرۆشیاری مادە سڕکەرەکان لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراو کوژرا و جەعفەر کوڕی سەعدوون خەڵکی میراوا تەمەن ٣٤ ساڵە لە لایەن دایکی و چەند موعتادەوە کوژراون.
پێویستە بگوترێ دایکی جەعفەر فرۆشیاری مادە سڕکەرەکانەو بە دوای ئەوەی کوڕەکەی بەرهەڵستی دایکی بۆتەوە، لە لایەن دایکی و چەند موعتادەوە کوژراوە جەستە لەت و پەت کراوەکەی فڕێ دراوەتە مەیدانی حەیوانانی شاری بۆکان.

**مەهاباد:** ## هاووڵاتییەك سزای ٦ مانگ زیندانیی بە سەردا سە پا



هاووڵاتێکی خەڵکی ئاوایی قەرەبڵاغ سەر بە شاری مەهاباد بە ناوی یووسف کاکەمەمی لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری مەهابادەوە بە ٦ مانگ زیندان حوکم درا.
ناوبراو زیاتر لە ٣ مانگە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیندانی کراوە.

**بۆکان:**

## خوێندکارێك کوژرا

ماوەی چەند ڕۆژە خوێندکاری کورد کەماڵ ئەحمەدی ، خوێندکاری زانکۆی تەورێزو خەڵکی شاری بۆکان کوژراوەو تا ئێستاش هۆی کوشتنەکەی روون نیەو بکوژەکەش نەناسراوە.

**ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی:**

## چالاکانی داکۆکیکاری ژنانو مندالان لە کوردستانی ئێران هەڕەشەیان لە سەرە

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە هەڕەشە دژی چالاکیی ڕێکخراوەکانی پشتیوانی لە مافەکانی ژنانو مندالان لە کوردستانی ئێران، بیرورای گشتی وەئاگا هێناوەتەوە.

لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ڕاگەیەنراوێکدا داوای لە بەرپرسانی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە کوردستان کردوە کە لە بەرەبەری ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژناندا پێش بە چالاکیی فەرمیو یاسایی داکۆکیکارانی مافەکانی ژنانو



مندالان نەگرێ.

لەو ڕاگەیەنراوەدا ئاماژە بە بانگ کران، لێپێچینەوە، هەڕەشەو ئازاری تەلەفوونیی ژمارەیەك لە بەرپرسانی دوو ڕێکخراوی نادەوڵەتی لە شاری سنە کراوە کە لە بواری مافی مرۆڤ دا چالاکن. یەکێك لەو ڕێکخراوانە بە ناوی بنکەی پشتیوانی لە مافەکانی مندالان بە پێی ڕێوشوێنە یاساییەکانی ئێران بە فەرمی ناسراوە بەڵام بنکەی ژنانی کوردی لایەنگری ئاشتیو مافی مرۆڤ نافەرمیەو تۆمار نەکراوە.

رووئیا تلووعی لە وتووێژێك دا لە گەڵ بی بی سی دەڵێ بەشی پاراستنی ئیتلاعاتی هێزەکانی ئینتزامی، بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ وەزارەتی نێوخۆو پارێزگەی سنە، مۆڵەت نامەی وەزارەتی نێوخۆی سەبارەت بە فەرمی بوونی بنکەی بەرگری لە مافەکانی مندالان کە دوو ساڵ پێش دەر کراوە، قبووڵ نیە.

ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئەو بنکەیە وەك ئازاد زەمانیو دیبا عەلیخانی بە پێی ڕاپۆرتی لێبووردنی نێونەتەوەی بانگ کراونەتە دادگاو لێپێچینەوەیان لێ کراوە. هێزەکانی پاراستنی ئیتلاعاتی شاری سنە دەیانهەوێ لە بەرەبەری ٨ی مارس دا مۆڵەت نامەی ئەو بنکەیە هەڵوەشێننەوە تا نەتوانێ بەشداری لە ڕێورەسمەکانی ئەو ڕۆژەدا بکا.

هەروەها بنکەی بەرگری لە مافەکانی مندالان، بە دواداچوونی چۆنیەتیی پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی تاوانبارانی کەم تەمەن دەکاو بە وتەی لێبووردنی نێونەتەوەیی دژایەتی لەگەڵ بەڕێوەچوونی سزای نامرۆڤانەو بێ ڕەحمانەو پڕ لە سووکایەتی لە دژی مندالان دەکا.

## خوێندکاری کورد کارۆ سەدیقیانی لە زانکۆی زانستو سەنعەتی دەر کرا

کارۆ سەدیقیانی خوێندکاری تێرمی کۆتایی فەوقەلیسانس بەشی ئەندازیاری مکانیکی زانکۆی زانستو سەنعەتی ئێران دەرکرا. ناوبراو لەو پێوەندیەدا دەڵێ: ڕێکەوتی پێنجی ڕێبەندان حوکمەکەم لە لایەن وزارەتی زانستەکانەوە پێگەیشت کە هیچ بنەمایەکی نیە، بە پێی ئەو حوکمە لە زانکۆ دەر کراومو بۆ ماوەی ساڵێکیش ئیزنی بەشداری کردنم لە ئەزموونەکانی چوون بۆ زانکۆ پێ نەدراوە. حوکمەکە بڕاوەیەو جێی نارەزایەتی دەر بڕینیش نیە. ناوبراو لە ماوەی خوێندکار بوونیدا یەکێك بووە لە خوێندکارە چالاکەکانی کورد.

## دۆسیەی زارا بەنی یەعقووب دەدرێتە تاران

دۆسیەی مەرگی گومانـاویی پزیشکی ٢٧ ساڵە زارا بەنی-یەعقووب بە ئەمری سەرۆکی هێزی دادوەری دەدرێتە دادگای تاران.
پزیشکی ناوبراو ٢٠ی خەرمانانی ئەوساڵ لە کاتێکدا لە گەڵ دەزگیرانەکەی لە یەکێك لە باخە گشتییەکانی شاری هەمەدان دا لە سەیران بوو، لە لایەن هێزی ناسراو بە "امر بەمعروفو نهی از منکر" دەسبەسەر کرا.
پێویستە بگوترێ دوو ڕۆژ دوای دەستبەسەرکرانی زارا بنی یەعقووب مەئموورانی ڕێژیم ڕایانگەیاند کە ناوبراو خۆی هەڵواسیوە. بەڵام پارێزەرو بنەماڵەی زارا ئەگەری خۆکوژیی ناوبراو ڕەت دەکەنەوە. پێشتر گوترابوو کە بەرپرسانی دادوەری لە سەر داوای دانەوەی گڵکۆی ناوبراو بۆ پشکنینی پزیشکی ڕەزامەندییان دەربڕیبوو.
ئایەتوڵڵا شاهروودی سەرۆکی هێزی دادوەریی ئێران، پێشنیاری گواستنەوەی دۆسیەی بەنی-یەعقووبی داوە بە دیوانی بەرزی وڵاتو ئەگەری پێداچوونەوەی پەروەندەی ناوبراو لە دادگای تاران هەیە.
مەرگی گومانـاویی زارا کۆمەڵێك نارەزایەتیی لە ئاستی نێوخۆییو نێونەتەوەییدا بەدواوە بوو.

## درێژەی نارەزایەتیی خوێندکاران لە شیراز

لە درێژەی نارەزایەتیی خوێندکارانی زانکۆی شیراز، ڕۆژی سێشەممە ٧ی ڕەشەمە نزیکەی هەزار خوێندکار مانیان گرتو نارەزایەتیی خۆیان سەبارەت بە کێشە سینفیو ڕیفاهییەکانی زانکۆ وەهەروەها سیاسەتی فەرهەنگیی سەرۆکی زانکۆ دەربڕی.
بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکان دوکتور سادقی سەرۆکی زانکۆی شیراز کە سەر بە ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی ڕێژیمەو ئێستاش سەرۆکی لێژنەی چاوەدێری هەڵبژاردنەکانی پارێزگای فارسە، ١٠٨ کەس لە بەربژێرانی شووڕای سینفیی ئەو زانکۆیەی ڕەت کردۆتەوە. هەروەها ناوبراو لە هەوڵێکی دیکەدا فەرمانی دەر کردوە کە کۆمەڵێك لە خوێندکارانی زانکۆ لە بەشە نێوخۆیییەکان (خوابگاه) دەر بکرێنو ناوبراو لە ساڵی ڕابردوودا هەڵسوکەوتێکی سەرکوتکەرانەی لە گەڵ بڵاوکراوە خوێندکارییەکانو چالاکانی خوێندکاریدا هەبووەو نیگەرانییەکی زۆری لە نێو خوێندکارانی زانکۆی شیرازدا پێکهێناوە.
خوێندکاران لە کۆبوونەوەو مانگرتنی سێ ڕۆژەی خۆیان دا دروشمیان دەدا:
"ئێرە پادگان نیە" "دۆسیەی ناوکی دەبەستێو دۆسیەی خوێندکاران نابەستێ." "ئێرە ئازادترین وڵاتی جیهانە؟!" و "بژی ئازادی".

**کامیاران**

## هاووڵاتێکی کامیارانی بە ١٨ مانگ زیندانی مەحکووم کرا

دادگای شۆڕشی سنە، کەماڵ فاتحیی بە زیندان مەحکووم کرد.
ناوبراو زیاتر لە سێ مانگە لە زیندانی شاری سنەیەو پێشتر بە سێ ساڵ زیندان مەحکووم کرا بوو، بەڵام لە دادگای پێداچوونەوەدا حوکمەکەی بە ١٨ مانگ داشکا. ناوبراو بە هاوکاری لە گەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکان تۆمەتبار کراوە

**بۆکان**

## بنکەی بەسیجییەکان چەکدار دەکرێن

ماوەیەك لەمەو بەر کاربەدەستانی ڕێژیم لە درێژەی هەوڵەکانیاندا بۆ ڕاکێشانی خەڵك بە تایبەت لاوان بۆ نێو ڕیزەکانی بەسیج، بنکەی بەسیجیان لە ئاوایییەکانی ناوچەی ئاڵەشینیان داناوە. ڕێژیم لە پروپاگەندەکاندا باس لەوە دەکرد مەبەست لەو کارە بەرنگار بوونەوە لە گەڵ هێژمونیی فەرهەنگیی ڕۆژئاوایە نەك پێکهێنانی هێزی چەکدار. بەڵام پاش ماوەیەك بەسیجی بنکەکان چەکدار کرانو ئێستا شەوانە وە کوچەو کۆڵانان دەکەونو ئارامیی خەڵك تێك دەدەن.

## خۆپیشاندانی کوردانی دانیشتووی ئەمریکا دژی هێرشی تورکیە بۆ سەر باشووری کوردستان



ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٢/٢٩ کوردانی دانیشتووی ئەمریکا (واشینگتونو دەوروبەری) ڕێپێوانێکیان دژی هێرشی تورکیە بۆ سەر قەندیلو سنوور بەزاندنی هەرێمی کوردستان ڕێکخست.
شایانی باسە خۆپیشاندەران کە ئاڵاو پلاکاردی جۆراوجۆریان بەدەستەوە بوو لە لایەن هەواڵنێرانو بەشی کوردی رادیۆ ئەمریکاوە ڕیپۆرتاژیان لێ هەڵ گیرا هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر چالاکانە بەشداری ئەو ڕێپێوانەیان کرد، خۆپیشاندەران دوای دوو کاتژمێر بەیاننامەیەکیان ڕا دەستی کار بە دەستان کردو بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب کۆتاییان بە خۆپیشاندان هێنا.

**کانادا**

## بەشداری لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی سەرکردەی ناسراوی کورد مەلا مستەفا بارزانیدا

کوردستانو کورد: ڕێکەوتی ١ی مارسی ٢٠٠٨ شاندێکی کومیتەی ڕۆژهەڵاتی کانادای حیزب لە ڕێوڕەسمی یادکرنەوە لە سەرکردەی ناسراوی کورد مەلا مستەفا بارزانیدا بەشداریی کرد.
لەو ڕێوڕەسمەدا کە لەلایەن لێژنەی ناوچەی کانادای پارتی دێموکراتی کوردستانەوە بەڕێوەچوو کاك برایم جەهانگیری پەیامی کومیتەی حیزبی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

## ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان داوای ئازاد کرانی"کەبوودوەند" دەکا



"محەممەد سەدیق کەبوودوەند" لە ژانویەی ٢٠٠٣ دەستی کرد بە دەرکردنی حەوتوونامەی "پیام مردم"و لە ڕێگەی ئەو بڵاڤۆکەوە خزمەتێکی شایانی بۆ ناساندنی مافی مرۆڤ، مافی ژنانو مافی خەڵکی بێبەشکراوی کورد کرد.
هەر بۆیە لە لایەن دادگەی شۆڕشەوە بەتۆمەتی هاندانی کورد بۆ داخوازی مافو ئازادییە نەتەوەییەکانیان بە ٥ ساڵ بێبەش بوون لە کاری ڕۆژنامەگەریو ساڵێك زیندان مەحکووم کرا.
ناوبراو لە ڕێکەوتی ٩ی ئاوریلی ٢٠٠٥ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستانی دامەزراند. ئەو ڕێکخراوەیە کە بنکەکەی لە تارانەو لە لایەن کەبوودوەندوە ڕێبەری دەکرێ، تا کاتی دەسبەسەر کرانی نزیك بە ١٠٠٠ ڕاپۆرتی لە بارەی پێشێل کارانی مافی مرۆڤ بڵاو کردۆتەوە.
لەو ماوەیەدا "کەبوودوەند" بە وتووێژ لە گەڵ ڕاگەیەنەکانو ڕۆژنامەو ڕادیۆو تلویزیۆنە ناوچەییو جیهانییەکان، وێڕای ڕوونکردنەوەی بارودۆخی مافی مرۆڤ و ڕووداوەکان لە کوردستاندا، ویژدانی گشتیی بۆ لای ئەو دۆخە نالەبارە ڕاکێشاوەو سەرەڕای ئەوانەش بە دەرکردنی سەدان بەیاننامە، ڕاگەیەنراو، نامەی سەرئاوالا بۆ بەرپرسانی دادوەری و ئاسایشو دەوڵەتی، خوازیاری کۆتایی هێنان بەو باردۆخە بووە. بۆیە ئێستا ناوبراو لە ژوئەنی ٢٠٠٧وە لە تاران گیراوەو ماوەی ٧ مانگە لە خانەی تاکەکەسیدا لە باردۆخێکی نالەباردا ژیانی تێپەر دەکاو تا ئێستاش ئیزنی سەردانیان بە کەسو کاریو تەنانەت بنەماڵەکەشی نەداوە. بۆیە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پێداگرانە داوا لە سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی مرۆڤی نێو نەتەوەیی، ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤو هەموو دامەزراوەو ڕێکخراوو کەسایەتییە تێکۆشەرەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ دەکا بۆ ئازادی محەممەد سەدیق کەبوودوەند هەوڵ بدەن.

# توندو تیژی دژی منداڵان و ٧ پرسیاری گرینگی کێ و چییەکان!

وەرگێڕان لە فارسیەوە: عەلی بداغی

**لە کۆمەڵگای توندو تیژی خولقێندا کە هەموو ئامرازو لاهێزەکانی پێوەندی، کلتووری، ئایین، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە خزمەتی توندو تیژی خولقاندن و بەرهەم هێنانی توندوتیژی دایە، مرۆڤە هەڵکەوتووەکان و لە هەمان کاتدا مرۆڤە کەم دەسەڵات و لاوازترەکانی وەك ژنان و منداڵان و بەتایبەت منداڵانی کچ پتر دەبنە ئامانجی توندوتیژییەکان.**

توندو تیژی بەرهەمی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتییە. "لوویی ئیشتراوس" پێی وایە مرۆڤەکان چەندە توانیبێتیان خۆیان لە سروشت و یاسامەندییەکانی دەرباز بکەن و بەسەریان دا زاڵ ببن، بەو رادەیەش پاشخانی کولتوورو پانتای کارتێکەریی کولتووری مرۆیی خۆیان دەوڵەمەندتر کردوە. لە دنیای ئەمڕۆدا کە خوانی شەڕی مرۆڤ لە گەڵ سروشت چ لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانداو چ لە کۆمەڵگا پاشڤە چووو دواکەوتووەکان داو لە بازنەی سنووورداری گۆی زەوی‌دا ئاوەڵایە، ئێستاش دیاردەی توندو تیژی چ لە شێوازی سەرەتایی و چ لە شێوەی ئاڵۆزی‌دا هەروا باوو گشتگیرە.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای توندو تیژی خولقێندا کە هەموو ئامرازو لاهێزەکانی پێوەندی، کلتووری، ئایین، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە خزمەتی توندو تیژی خولقاندن و بەرهەم هێنانی توندوتیژی دایە، مرۆڤە هەڵکەوتووەکان و لە هەمان کاتدا مرۆڤە کەم دەسەڵات و لاوازترەکانی وەك ژنان و منداڵان و بەتایبەت منداڵانی کچ پتر دەبنە ئامانجی توندوتیژی‌یەکان.

لەم دەرفەتەدا ئاورێکی کورت لە رەوشی منداڵان و پێوەندیی ئەوان لە گەڵ توندوتیژی دەدەینەوەو ٧ پرسیاری گرینگ سەبارەت بەو کێشەیە دێنینە گۆڕێ.

١ـ کێ؟ یان کامانە کەس زۆرترین مەترسیی توندوتیژییان لەسەرە؟ منداڵانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ بەتایبەت کچانی بەر لەتەمەنی خۆ ناسین لە زۆرترینی ئەو کەسانەن کە دەکەونە بەر کرداری توندوتیژی.

جێی ئاماژەیە کە کردەوەی توندوتیژیی دژی ئەو منداڵانە لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەکەیان و زۆرتر بە ئامانجی بارهێنان و پەروەردە کردنیان بەڕێوە دەچن و گەلێ جاریش وەك نۆرم و بەهایەکی کۆمەڵایەتیش جێ دەگرن.

**٢ـ کێهەو کامانە کەس بکەرو هۆکاری ئەو توندوتیژیانەی دژی منداڵانن؟** ئەو دەستەیە پانتایەکی فراوان لە بنەماڵە ڕا هەتا گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، رێکخراو و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێ. لە ئاستی خێزان و بنەماڵەدا باوك، دایك، برا یان خوشکی گەورەتر، بابەگەورەو دایە پیرە، مام، خاڵ و پوورەکان وەك ئەستۆندەکی سەرەکیی پێکهاتەی خێزانە گەورەکان و لە ژێر ئامانجی پەروەردەیی! دا پەنا بۆ توندوتیژی دژی منداڵان دەبەن. لە ئاستی رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانیش دا قوتابخانەو ناوەندە فێر کاری‌یەکان گرینگترین شوێنی ئامادەبوون و کۆ کرانەوەی منداڵانن کە بکەرانی سەرەکی توندوتیژی نواندن لەو شوێنانە مامۆستایان و بەخێوکەران و ئەو راهێنەرانەن کە لە ژێر دەمامکی پەروەردەو بار هێنان و ئامادە کردن بۆ قۆناغی سەروتردا پەرە بە توندو تیژی دژی منداڵان دەدەن.

لەو پێکهاتەیەدا مەزن خوازی و بڕیار بەدەستی و زەبروزەنگ لە سەرەوە بۆ خوارێ و لە گەورەوە بۆ بچووك و لە حکوومەتەوە بۆ ناوەندە کۆمەڵایەتی و جەماوەری‌یەکان و لە دوا جاردا بۆ هەرێمی خێزانەکان پەلی داکوتاوە...

**٣ـ بۆچی؟** لە پێوەندی لە گەڵ هۆیەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی توندوتیژیدا دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین. پێوەندیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگای مرۆیی‌دا بۆارخولقێنی هاوسەنگیی رەوشتی مرۆیی لە خزمەت سۆزو دلۆڤانی و عەتف دایە. ژنان بناغە دانەرانی عەشق و خۆشەویستی لە هەرێمی خێزان و لە نێو هاوسەران و بەتایبەت منداڵەکانیان دان. لە کۆمەڵگای ئێستا ( بەتایبەت کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناڤین دا) کە دیوارێکی بێ متمانەیی و لێك دابران لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدایە، چاوەڕوانیی بوونی سۆزو خۆشەویستی دەبێ سەیرو نامۆ بێ. گوشاری ژیانی شارنیشی وێرای هەموو هەوڵدان و تێکۆشان بەڵام ئاستی گوزەرانی نزم و هەروەها کەلەبەرو کەلێنی قووڵی چینایەتی نێوان خەڵك و تەوەری سەروەت و سامان پەرستی و هەوڵدان بۆ مانەوە لە بارۆدوخی سەختو دژواری ئێستا بە سەرنجدان بە داهاتی کەم و تێچووی زۆری پێداویستییەکانی ژیان، کێشەی دەروونیی زۆری بۆ خەڵك خولقاندوە. بەردەوامیی ئاسەواری شەڕو دواتریش ململانێی جیددیی خەڵك و حکوومەت و لە دواجاردا دابڕانی نێوان نەوەی کۆن و نوێ و بەرگەنەگرتنی دەروونی و عەسەبی و دارایی ئەوان لە بەرامبەر دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵان، تەنیا رێگەی بەرەو روو بوونەوە بۆ گەورەکان کراوە دەهێڵێتەوەو توندوتیژی نواندن ئاسانترین رێگە بۆ خۆ قوتار کردن لەو تەنگو چەڵەمانەیە.

٤ـ چۆن؟ شێوازەکانی توندوتیژی نواندن دژی منداڵان چۆن و چین. ئەو شێوازانە بە مەبەستی جۆراو جۆری پەروەردەیی یا ملهۆڕی بریتین لە تەمبێ کردنی جەستەیی، لێدان، گرتن، بێبەش کردن لە سۆزو خۆشەویستی، بێبەری کردن لە ئیمکاناتی خوێندن و خۆشگوزەرانی، وەبەرکارنانی بێ مووچەو پارە، چەوساندنەوەی جەستەیی و کەڵکی جەستەیی و سیکسی بە تایبەت لە کچان‌داو فرۆشتن و بەکرێ دان و ئازاردانی جەستەیی بە کۆمەڵی ئەوان و هتد.

٥ـ کەی؟ ئەو دیاردانە ئەو کاتانە روو دەدەن کە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان گشتگیر بوو بێتن و بەرۆکی بنەماڵەو دایکان و باوکانی گرتبێ و لە لایەن دامودەزگا دەوڵەتییەکانیشەوە هیچ چەشنە کارئاسانییەك بۆ رێگە گرتن لەو خەسارانە لە گۆڕێ‌دانەبێ.

**٦ـ لە کوێ؟** لە گەڵ ئەوەی لە بنەڕەت دا مافی منداڵان و پاراستن و رەچاو کردنی مافەکانیان ئێستاش ئەو جۆرەی کە پێویستە لە بنەماڵەو حکوومەت دا پێناسە نەکراوەو جێگەو پێگەی مافی منداڵان لە یاسای بەڕێوەبەریی‌دا بزرو نادیارە، بەڵام دیاردەی توندوتیژی لە هەمبەر منداڵان لە رووی ئابوورییەوە زۆرتر لە نێو بنەماڵە دەستکورت و هەژارەکان، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە نێو چینی نەخوێندەوارو کەم خوێندەوارەکان و لە رووی جوغرافیایی‌یەوە لە کۆمەڵگای شارداو لە رووی رێکخراوەییەوە لە نێو بنەماڵەو کارگە پیشەیی و ناوەندەکانی کارکردنی وەبەر هێنانی بێ مۆڵەت دا دەبینین.

٧ـ چ بکەین؟ بێگومان کەمکردنەوەو نەهێشتنی دیاردەی توندو تیژی دژی منداڵان بە بێ جێ خستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ جەماوەرو دابینکردنی بژێوی ئابرووومەندانە بۆ هەژارەکانی شارو دێ مەیسەر نابێ. بەو حاڵەش یەکەم هەنگاو لە کورت خایەن دا فێر کردنی گەورەساڵان لە بنەماڵەو رێکخراوە بەرینترەکانی وەك قوتابخانەو دواتر نووسین و داڕشتن و پەسند کردنی یاساکان داکۆکیی گەرەنتیداری دارایی و تەنانەت سزادان بۆ کەسانی هەلپەرست یا خۆ نائاگا لە کۆمەڵگادا دەتوانێ کاریگەریی خۆی هەبێ. جگە لەوەش خوێندنەوە و پێناسەکردنەوەی هەڕەتی منداڵی و هەڵسوکەوتە توندوتیژی‌یەکان لە یەك کات دا دەتوانێ یارمەتیدەری ئەو چارە سەری‌یانە بن کە باسمان کردن.



دریژەی

# هەواڵەکان

### ئەندام پارلمانێکی پێشووی کوردی سووریە لە ژێر ئەشکە نجەدا گیانی لە دەستدا

عوسمان سلێمان حەجی کوبانی پارلمانتاری پێشووی کوردی سووریە، رۆژی ١٨ی فیوریە لە نەخۆشخانەی مارتینی شاری حەڵەب دوای ئەوەی کە ماوەیەکی دوورو درێژ لە زینداندا لە لایەن رێژیمی بەعسەوە، ئەشکەنجە درابوو گیانی لە دەست دا. ناوبراو ساڵی ٩٠ لە هەڵبژاردنەکانی پارلمان لە شاری کوبانی دا دەنگی یەکەمی بەدەست هێنا.

عوسمان سلێمان ٥ جار خراوەتە زیندانەکانی رێژیمی سووریەوەو هەرەشەی لێ کراوە کە بەهیچ شێوەیەك بەشداری لە رێپێوانە جەماوەرییەکان دا نەکا.

بە پێی راپۆرتێك کە لە رۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاو کراوەتەوە، عوسمان سلێمان رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢ سەرپەرشتی خۆپیشاندەرانی کورد لە شاری کوبانی کردبووو دواتر لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی بەعس دەستگیرو راپێچی زیندان کرا کە پاشان بەهۆی ئەشکەنجەدانێکی زۆرەوە لە سەرەمەرگ دا رەوانەی نەخۆشخانە کراو سەرەنجام رۆژی ١٨ی فیوریە گیانی لە دەست دا.

### سنە :
### پارێزگاری سنە دەستی لە کار کێشایەوە

سمایل نەجار پارێزگاری سنە، دەست لە کار کێشانەوەی خۆی بە وەزیری نێوخۆ راگەیاند. بە پێی هەواڵەکان وێدەچێ وزارەتی نێوخۆ "جێگری زانکۆی ئیمام سادقی" بۆ پارێزگاری کوردستان دەستنیشان کردبێ.

سمایل نەجار پاسداری دەورانی هەشت ساڵ شەڕ لە ناوچەکانی کوردستانەو ماوەیەکیش بەرپرسی ئێرشادی شارستانی مەریوان بووە. دەورانی بەرپرسایەتیی ناوبراو لە پارێزگای سنە یەکێك لە ناخۆشترین دەورانەکانی پارێزگای سنە لە باری فەرهەنگی، سیاسی و ئاودان کردنەوە بوو. نەجار دوژمنی سەرەکیی رۆژنامەنووسانی کورد بە ئەژمار دەهات، بە جۆرێك کە هەر رۆژنامەنوسێك کارەکانی خستبایە بەر رەخنە دەکەوتە ژێر زەختی هێزەکانی رێژیمەوە.

### کامیاران
### گرتنی بە بێ هۆی هاووڵاتیان بەردەوامە

بە نزیك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و لە درێژەی دەسبەسەر کردنی چالاکان و هاووڵاتیان دا، حەوتووی رابردوو جەمیل ساڵح زادە تەمەن ٣٥ ساڵ دانیشتووی گوندی "تا" ی سەر بە کامیاران بە بێ هۆ رەپێچی ئیدارەی ئیتلاعات کرا.

### شنۆ:
### کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی رێکخستنی نهێنی

رێکەوتی ٣٠ی رێبەندان کاك حەسەن گەردی خەڵکی شاری شنۆ بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو ساڵەکانی ١٣٦٨ تا ١٣٧٣ لە ریزەکانی رێکخستنی نهێنیی حیزب دا چالاکیی هەبووەو لە ساڵی ١٣٧٣ دا لە لایەن رێژیمەوە گیرا و ماوەی دوو ساڵ لە بەند مایەوە

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کارو خەڵکی شاری شنۆ دەکەین.

### ژنێك خۆی سووتاند



ژنێك بەناوی گوڵاڵە خەڵکی ئاوایی سەرچنار کە لە گوندی گردەرەش مێردی کردبوو، رێکەوتی ٨ی رەشەممە بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو بەهۆی سەخت بوونی برینەکانی رێکەوتی ١٢ی رەشەممەگیانی لەدەست دا.

**برووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# ژینۆسایدی سپی

**رەنگبێ سیاسەتی دژ بەریی کوردان تەنیا پرسێك بێ کە بە درێژایی مێژوو بابەتی پێکهاتنی دوژمنانی بووبێ، پرسێك کە سیاسەتڤانانی رابردووو ئێستا لەسەری کۆك بوون، سیاسەتێك کە سەدەیەك لەمەوبەر لە سەردەمی دیکتاتۆری رەزاشاه دارێژراوەو ئێستاو لەو چاخەدا واتە لە سەردەمی وتووێژی ژیارەکان پراکتیزە دەکرێ**

**(بەشی دووهەم و کۆتایی)**

وەرگێڕان: تەها رەحیمی



ئێستا بە تێرو تەسەلی باسی یەکە یەکە لە ئامرازەکانی ژینۆسایدی سپی دەکەین کە لە دێڕەکانی پێشوودا باسمان لێکردن

بابەتی یەکەم پێوەندیی بە راگەیەنە گشتییەکانو تلویزیونەوە هەیە کە وەك بەهێزترین راگەیەندنی گشتی باسمان لێکرد.

ئەگەر بە چاوێکی رەخنە گرانە بڕوانینە کرماشان دەبینین کە پاش تاران لە ریزی یەکەم شارەکاندا بوو کە کەوتە بەر لوتفو بەزەیی بەرپرسانی فەرهەنگیو لە کانالی "زاگرۆس" بەهرەمەند بوو. واتا پێش لە شارەکانی قومو ئەراكو .... کە ناوەندی بارستایی فەرهەنگیو ئاینیی ئێرانیانی لە سەر شانە. بۆچی؟ بۆچی بەرپرسان بەس لەلایەن کلتووریەوە سەرنج دەدەنە ئەو پارێزگەیە؟ بۆچی نیوەی ئەو "بودجە"یەی بۆ بواری کلتووریی پارێزگای تەرخان دەکەن، بۆ چارەسەر کردنی کێشە ئابوورییەکانی خەرج ناکەن!

ئایا بەراستی تا ئەو رادەیە فەرهەنگو شێوازی بیر کردنەوەی ئەو خەڵکەیان لەلا گرینگەکە هەژاریو گەندەڵیو بێکاریی خەڵك نابینن و لە نوێترینو بەنرخترین ئامرازو کەرەسەی پێوەندییەکان "تاك گوتاری" کە لە رووی کارایی-یەوە لە ریزی وڵاتانی گەشەسەندوی جیهان دایە بۆ کاریگەریی لەسەر ئەو خەڵکە کەڵکی لێوەردەگرن.

رەنگبێ دەنگو رەنگی زاگرۆس بە هیوایە لەو رێگەیەوە کۆمەڵگەیەکی شارستانی بە گەنگەشەی زانستو کولتووری لە کرماشان چێ بکا، چ لێکدانەوەیەکی رۆمانتیك!

راستییەکەی ئەوەیە حاکمییەت قەت نایەوێ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن لە کوردستان پێك بێنێ، بەڵکوو ئامانجەکەی پێك هێنانی کۆمەڵگەیەکە کە بە ئامرازو چەکی پێشکەوتوو کۆنترۆڵو دەستەمۆی بکاو بیخاتە ژێر چاوەدێریی خۆیەوە.

ئێستاش پاش شیکردنەوەی گرینگیی تلویزیۆن وەك چەکێکی بەرهەمی مۆدێرنیتە، باس لەو ریکارە بەرچاوو هەست پێکراوانە دەکەین کە حاکمیەت بۆ شوێن دانان لەسەر وردە فەرهەنگەکانی کێشە خولقێن "بەگومانی خۆی" دەیگرێتە بەر.

حاکمیەت بە هێرش کردنە سەر بناخەکانی کەسێتیی هزریو فەرهەنگیو بەگشتی کردنی ئامانجی ئەو پارامیترانەی کە وەك شوناس بە نەتەوەیی بوونی کوردی کرماشان دەناسرێن، تێدەکۆشێ ئەو کاراکتەرە بوێرو کەوی نەبووە بە هۆکارێکی پاسیڤو جێی رەزامەندیی حاکمیەت بگۆڕی.

یەکەمین هەنگاوی ئەو کارە سێرە گرتن لە ناسنامەی نەتەوەیی ئەو، واتا زمانە کوردییەکەیەتی. هەڵبەت پێداگریی لەسەر ئەو خاڵە پێویستە کە زۆربەی ئەو سیاسەتانە لە رێگایی کانالی ناوچەیی (زاگرۆسە)وە پراکتیزە دەکرێن، کەناڵێك کە نە دەنگی دانیشتووانی زاگرۆسی پێوە دیارەو نە لە روخساریدا شکۆمەندیی ئەوان دەردەکەوێ. لە زاگرۆسەوە دەنگی دانیشتووانی (ئەلبورز) دەبیسرێو لە روخساریدا دانیشتووانی سەهەندو سەبەلان؟ لە شرۆڤەی بارودۆخی کلتووریی کرماشان دا ئەوەی جێی گرینگی پێدانە، ئەوەیە کە ٩٥٪ بەرنامەکانی رادیۆو تلویزیون بە زمانی فارسینو بەس جار جارەو ئەویش لە چوارچێوەیەکی خۆمانەییداو لە بەرنامە تەنزەکاندا زمانی کوردی بەکار دەهێنن!

دەڵێی دەیانەوێ بە سەر رای گشتیدا بسەپێنن کە ئەو زمانە توانایيو گونجانی زیاتر لە پێکەنینو گاڵتەی نیە، و بڵاو کردنەوە بەرنامەی جیددیو کارلێهاتوو بەو زمانە ئیمکانی نیەو هەر بۆیە ئەگەر کەسانێك بەو زمانە بدوێن دەبنە گاڵتەو گەپجاری خەڵك.

ئاکامی سەپاندنی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی درێژخایەن دارێژراوەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاخافتن بە زمانی کوردی لای خەڵکی ببێتە هۆی شکانو ئەگەر ئەو کەسانەی هێشتا بەو زمانە دەدوێن تەنیا لەلای هاوڕێیانی خۆشەویست یا کوچەو کۆڵانو بازارەکانی هەژارنشینان، بەزمانی خۆیان بدوێن.

لە راستیدا بە برێك لێ-وردبوونەوەی ئەو بابەتە دەردەکەوێ کە لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکانی باکووری شاردا یان ئەوانەی کە تازە دێنە نێو ئەو گەڕەکانەوە هەوڵ دەدەن ئەوەندەی بۆیان بکرێ بە کوردی نەدوێنو تا بۆیان دەکرێ وشە فارسییەکان بەزاراوەی پەتی تارانی گۆ بکەن.... کە ئەوەش لە نێو ژنانو کچاندا زۆرتر باوە....!

ئایا ئەو زمانە هێزو توانای شیکردنەوەی چەمکە جیددیو نوێو باوی رۆژی نیە؟ بە دڵنیاییە بەڵێ هەیەتی، ئەزموونی چەندین ساڵەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە (کوردستانی عێراق)و بەکارهێنانی لە سیستەمی پەروەردەو زانکۆکان بە کردەوە ئەو ئیدیعایە رەت دەکاتەوە.



تەنیا بەرنامەیەکی جیددی کە بە زمانی کوردی لە رادیۆ کرماشانەوە بڵاو دەکرێتەوە، بەرنامەیەکی بیست خولەکییە بە ناوی " از خیش تا خرمن" کە بە پێچەوانەی ناوەکەی بەزاراوەی کەلهوری پێشکەش دەکرێ.

جووت... خەرمان.. کورد....

دەڵێی دەیانهەوێ بە خەڵکی وا بنوێنن کە ژیانی نەریتی، کشتو کاڵیو گوندنشینی لە پارە جیانەکراوەکانی زمانو ژیانی کوردین، لە راستیدا وا دانراوە کە زمانی کوردی تەنیا زمانی گوندنشینەکانو ئەو مرۆڤانەیە کە بە شێوازی سەرەتایی دەژین، ئەو مرۆڤانە دوورن لە شارستانەتیو شارنشینی.... کەواتە باشتر وایە کەسانێك کە لە شار دەژین بە کورد بوونی خۆیاندا بچنەوە....؟!

راستییەکەی ئەوەیە کە راگەیەنە گشتییەکانی ئێران یەك لایەنە رەوتێکیان دژی کلتووروو شووناسی نەتەوەیی کورد وەرێ خستووە کە زۆرتر وەك شەڕ دەچێ؟ شەڕێك کە نە دەنگی فیشەکی لێ دەبیسترێو نە بۆنی بارووتی سووتاوی ئازارمان دەدا....

شەڕێکی بێدەنگو بەشێنەیی وەك لایە لایەی مەرگ، کە نەتەوەیەك لە خەوی نەمان دەکا..

خەوی بێخەبەری....بێ شوناسی... چەقبەستوویيو توانەوەو بۆ دواوە گەڕانەوە.

بابەتێکی دیکەی ژینۆسایدی سپی، ژینۆسایدی ئابوورییە کە بەو جۆرە پێناسە کراوە "کاول کردنی شارەکان، ئاوەدانییەکان، تالانی سامانی خەڵك، ئابلۆقەی ئابووریو گەمارۆ بە مەبەستی برسی راگرتنی حەشیمەتێك تا لە ژێر هەژاریی ئابووریی قورس دا، شوناسی نەتەوایەتیی خۆیان لە بیر کەن"

بەداخەوە ئەوەیان ئیدی ئەوەندە روونو ئاشکرایە کە پێویست بە شیکردنەوەی زۆر ناکا، چونکی هەژاریو گەندەڵیو بێکاری بۆتە پاژی جیا نەبۆوەی ناسینی کۆمەڵگەی کوردی کرماشان، واتا چۆن خەڵکی باشووری ئێران بە رەشیو بۆریی پێستیان دەناسرێنەوە ناوچە کوردنشینەکانو بەتایبەتی کرماشان بە هەژاریو گەندەڵیو بێکارییەوە دەناسرێنەوە؟ رەنگبێ بۆ روونکردنەوەی ئەو بابەتە باشتر بلێین بەپێی ئامارەکان، دوای کرێکارە ئەفغانییەکان زۆرترینی ئەو کەسانەی کە کرێکاری بیناسازین، کوردن... رۆژێ یەکێك لە هاوڕێیان رووی کردە ئەوانی دیکەو گوتی: ئەرێ دەزانن گەورەترین ئاواتی کوردەکان چییە؟

هەموو بەسەرسوڕمانەوە گوتیان :نا. هاوڕێی خۆشەویست بە بزەیەکی پڕماناوە گوتی: گەورەترین ئاواتی کوردەکان ئەوەیە کە ئەفغانییەکان لە ئێران دەربکرێنو خۆیان شوێنیان بگرنەوە.

کاریگەریی ئەو سیاسەتەش بە سەرنجدان بە دێڕەکانی پێشوو بە تەواوەتی روونو ئاشکرایە بەڵام کۆی ئەو ئاسانکاریو سیاسەتانەیە کە بە ئامانجی دیاریکراوەوە سێرە لە بوونو شوناسی نەتەوەیی کرماشان گرتووەو ئەویش پێکهێنانی لەمپەر لە رەوگەی ئەزموونی هەستی "ئێمە کۆمەڵێك" یا شوناسی نەتەوەیی لەلایەن کەسایەتیی کوردی کرماشانەوەیە، هەستو شوناسێك کە لە روانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە، نەبوونی نالەباریو کێشەو ئاریشەیو مەترسیداری بەدواوەیە...

چونکە وەڕەز بوون لە ژیان، هەستی ماندوویەتیو بێ تەفاوەتی سەبارەت بەخۆو ژینگەی دەوروبەری بۆ تاك بەدواوەیە.

بە دڕدونگیو باوەڕ پێنەکراویی زۆرەوە سەیری کرماشانیەکان دەکرێ بە جۆرێك کە چەند ساڵێکە بە لات مەنیشی بەرەڵڵا ناوبانگیان دەرکردوە "شتێك نەبووە هەستی پێنەکرێ هەر بۆیەیە کە موسافیرانی کرماشانی بۆ گرتنەوەی هۆدە لە هوتێلی شارەکانی وەك "مەشهەد" تووشی کێشە دەبن.

بەراستی بۆچی؟ ئایا ئەوە شایانی شارو ژیارێکە کە نە ئیسفەهان، نە تەورێزو نە تاران لە بواری مێژوویيو شوێنی کەونارییەوە تۆزیشی ناشکێنن...

ئایا ئەوە شایانی خەڵکێکی رەسەنە کە بە ژیارێکی چەند هەزار ساڵەوە کە میراتگری مەزنی "ماد"و بە بنەچەکە زاگرۆسییە؟!

سەر بە هەر قوژبنێکی شاری دا دەکەی دەڵێی تۆزی مردنیان بەسەر تەواوی خەڵکی داپرژاندوە، هەژاریو گەندەڵیو گیرۆدەییو بێکاریو بڵاو بوونەوەی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان وەك داوی جاڵجاڵۆکە وایە کە پەپوولەیەکی خستبێتە داوەوە، گیانی دەروەستیو ئەنگیزەی لە پیرولاو ستاندۆتەوەو، لاوان کاتێ دەدوێن بەجێی ئەوەی لە هیواو شادی بدوێن "بۆنی مردنو هیوا لێبراوی ئازارت دەدا.... ٢٥٪ هەموو نەخۆشانی ئایدزی وڵات هی ئەو شارەنو ئاماری بەرزی بێکاری، رادەی زۆری ئەو بنەماڵانەی بۆ نانی شەوێ حەوجێنو لە ژێر هێڵی هەژارییدا دەژین، شاڵاوی کرێکارانی کرماشانو شارەکانی بەتایبەت ئورامانات بۆ شارەکانی وەك تاران، کەرەج، قەزوێن، بەندەرەکانی وڵاتو ئەنجامی چەتوونترین کارەکان لە خراپترین دۆخ دا گوزەرانیانو لە هەندەران، ساڵێ چەندین کرێکار دەمرنو یان بینایان بە سەردا دەروخێ (وێنەی نوێی خنکانی دوو کرێکاری خەڵکی روانسەر ـ گوندی خەراجیان لە رێکەوتی ٢٥/ ٨/ ١٣٨٦ لە تاران لە خەودا بەگاز مردن).

ئاماری کەم بوونی ئیمکاناتی زانستی، رادەیکەمی دەرچووانی لاوانی کرماشانی لە (کۆنکوری) سەرانسەریدا، نزم بوونی چۆنێتیی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئەو هەرێمەدا، وانە وتنەوەی مامۆستاو بەرێوەبەری نا کورد، داکشانی تەمەنی ئیعتیاد لە نێو لاوانی ئەو شارەو شارەکانی دەرووبەریو ....

بەراستی بۆ؟ راستییەکەی ئەوەیە کە کۆی ئەو باسانە بە تایبەت کارکردی کلتووریو کۆمەڵایەتیی ئەو سیاسەتانەن کە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر قۆناخ بە قۆناخ لەو شارەدا جێبەجی کراونو ئێستاش ئاکامو کارکردەکانی دەبینین... سیاسەتێك کە مرۆڤی کورد بە بوونەوەرێکی مەترسیدارو کەوی نەبوو دەزانێ، رۆژێك کە لە ژینگەیەکی تایبەتەوە هاتووەو رۆحی ئەو ژینگەیەکی لەگەڵ خۆی هێناوەو لە ئاکام دا ئاوا ساکار خۆی بە دەستی هیچ سیستەمێکی چاوەدێریو پاسیڤکەرەوە نادا....

بۆیە ناچارن بەوەی کە راستەوخۆ بە ئاراستەی شکاندنی کەسایەتیو بوونی مرۆڤایەتیی ئەودا بڕۆن! هەڵبەت ئەو سیاسەتەش دژایەتیی لەگەڵ ئەو دروشمانە هەیە کە رۆژانە لە تریبۆنەکانی دەوڵەتەوە دەیدەن لە دروشمگەلێك کە هێڵی گشتیو تێزی سیستەمی حکوومەتی بە رێزدانان بۆ جەوهەرو گەوهەری مرۆڤ دەناسێننو تەنانەت بۆ سەلماندنیشی، پلانی ئولگوویەکی رەشۆك پەسندی لە شارستانەتیو گوتار رەخنە بە رای گشتی کۆمەڵگەی جیهانیەوە بە جۆرێك کە لەو چەند ساڵەی رابردوودا بە خستنە بەرباسی "وتووێژی ژیارەکان" لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان بە کردەوە هەوڵیان داوە پێکهاتەی سیاسیی خۆیان وەك وڵاتێکی دێموکراتیكو لایەنگری وتووێژو ئاشتی بە جیهان نیشان بدەن.

بەڵام راستی ئەوەیە بەو دروشمو خۆ نواندنانە وەك کەوا سووری پێش لەشکرو ئاڵا هەڵگری ئەو پرۆسە نوێیە ویستوویانە روخسارێکی سیاسی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن نەك هیچ شتێکی دیکە...! و تا ئێستاش زۆرتر شایەتی "فەوتاندنی ژیارەکان بووین" تا بینەری "وتووێژی ژیارەکان".

# ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین





محەممەد رەسووڵ کەریمی

## شەهید مەنسوور رەحیمی

پاییزی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی دوای ئەوە کە لە مەئمووریيەتو گەشتی چەند مانگەی سیاسی ـ نیزامی لە قووڵایی رۆژهەڵاتی کوردستان گەڕاینەوە بنکەو بارەگاکانمان لە شوێنی سەرسنووری دەستکرد و دوای پشووو حەسانەوەو رێكو پێك کردنی بنکەکانمان، بەرە بەرە سەردانی پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ لە ئێمە کە لە هێزی زمزیران بووین دەستی پێکرد. ئێوارەیەك کوڕێکی کەم تەمەنو لاو لە بنکەکەمان وەژوور کەوتو لە ناوی چەند کەس لە پێشمەرگەکانی پرسی. منیش بەرەوپیلی چووم. لەگەڵ ئەوەی ماوەی چەندین ساڵ بوو نەم دیتبوو، بەڵام روخسارو سیمای منداڵیی ئەو لاوە خوێن گەرمەم هاتەوە بیرو گوتم: مەنسوور گیان بەخێربێی، ئەوە لێرە چی دەکەی‌و کەی هاتووی؟ بە زەردە خەنەوە وەڵامی دامەوەو گوتی منیش بوومە پێشمەرگەو ماوەی چەند مانگێکە هاتوومە ئێرە، کۆمەڵێك بیرەوەریی منداڵیمان پێکەوە گێڕانەوە. ئەو لاوە تازە پێشمەرگەیە مەنسوور رەحیمی بوو.

مەنسوور رەحیمی ساڵی ١٣٤٩ لە شاری سەردەشت لە ئامێزی بنەماڵەیەکی هەژاردا لە دایك ببوو، وەك زۆربەی منداڵان قوناخی منداڵیی خۆی بە هەژاری تێپەڕ کردو تا پۆلی ١ی ناوەندی دەرسی خوێند هاوکات لەگەڵ دەرس خوێندن کاری میکانیکی دەکردو ئێوارانیش لەگەڵ وەرزش خەریك دەبوو. ئەو زۆر شارەزای وەرزش‌و کاری لەش جوانی بوو، لە وەرزشەکانی مەلە کردن، تۆپی پێ‌و والیباڵ‌و مۆتۆرسواری‌و راکردن‌دا زۆر بەتوانا بوو.

مەنسوور بۆ وەدیهێنانی ویست‌و داخوازییەکانی گەلی کورد لە هەموو بوارێك‌دا، رێگای خەباتی گرتە بەرو لە ساڵی ١٣٦٨ بوو بە پێشمەرگە. مەنسوور هەر لە سەرەتای هاتنە نێو ریزەکانی پێشمەرگەوە هەوڵی دا ببێتە پێشمەرگەیەکی نموونەو بە ئەخلاق. ئەو لە خۆ پێگەیاندن لە نێو ریزەکانی حیزبدا درێخی نەدەکرد، لە ماوەیەکی زۆر کورت‌دا مەنسوور بوو بە خۆشەویستی گشت لایەك. ئەو بە دڵەوە کارەکانی حیزبی رادەپەڕاندن‌و ئەرکەکانی حیزبی بە دڵەوە جێبەجێ دەکرد. مەنسوور دوای ماوەیەکی کورت بوو بە جێگری پەل‌و بوو بە یەکێك لە پێشمەرگە چالاکەکانی حیزب‌و بەتایبەت هێزی گیارەنگ، ئەو لە هەموو بوارەکانی پێشمەرگایەتی‌دا سەرکەوتوو بوو. مەنسوور هەر لە دوای هاتنی بۆ نێو ریزەکانی حیزب هەوڵی دا لە کومیتە شارستانی سەردەشت وەرزش کردن برەو پێبدات‌و هاوڕێیانی حیزبی هان بدات کە روو لە وەرزش‌و خۆ پێگەیاندن بکەن. زۆر وەستایانەو بەبێ ئیمکانی‌و بە دڵەوە هاوڕێیانی فێری وەرزش دەکرد. چەند مانگ دواتر مەنسوور کۆمەڵێك لە کادرو پێشمەرگەکانی زۆر بەباشی فێری تۆپی پێ‌و والیباڵ کردو ٢ تیمی وەرزشی لە کومیتەی سەردەشت پێك هێنان‌و هەموو ئێوارەیەك لە کاتی پشوودا تیمەکانی دەبردنە گۆڕەپانی نیزیك بنکەی حیزب‌و تا درەنگ وەختانێك یاری تۆپی پێ‌و والیباڵیان دەکرد. مەنسوور لە یارییەکانی نێوان تیمەکانی حیزبدا لە ساڵی ١٣٦٩ لە بنکەکانی دەوری دەفتەری سیاسی‌و بنکەکانی قسڵان رۆڵی سەرەکیی گێڕاو هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە مەنسوور وەك نموونەی وەرزشکاری حیزب لە کاری تێکنیکی‌و هەروەها ئەخلاق‌دا خەڵات وەربگرێ. بە راست مەنسوور یەکێك لەو تێکۆشەرە ماندوونەناسانە بوو کە وێڕای ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی، هەوڵی زۆری دا بۆ رێك‌و پێك کردن‌و باشتر کردنی تیمە وەرزشییەکانی حیزب‌و بۆ پەیدا کردنی ئیمکاناتی وەرزشی هەوڵی زۆری دا. هەوڵ‌و تێکۆشانی مەنسوور بۆ گشت لایەك دیارو بەرچاو بوو هەر بۆیەش گشت لایەك خۆشیان دەویست‌و رێزیان لێ‌دەگرت مەنسوور تەنیا هەر لە بواری وەرزش‌دا ناوی دەرنەکرد، بەڵکوو لە پێشمەرگایەتیش‌دا نموونەی پێشمەرگەی ئازاو لە خۆبردوو بوو، ئەو بە راستی رۆڵی گرینگی لە بەڕێوەبردنی مەئمووریيەتەکانی حیزبی لە کومیتە شارستانی سەردەشت‌دا هەبوو. ئازایی‌و لە خۆبردوویی مەنسوور وێردی سەرزمانی گشت کادرو پێشمەرگەکان‌و خەڵکی ناوچە بوو، لە گرتنی چەندین مۆڵگەی رێژیم‌دا رۆڵی سەرەکی هەبوو، جیا لەوانەش مەندی‌و لەسەرخۆیی‌و شارەزایی‌و ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەو کارە وەرزشییەکانی هێندەی دیکەیان خۆشەویست کردبوو. بەڵام بەداخەوە مەنسوور لە یەکێك لە مەئمووریيەتەکانی کومیتەی سەردەشت لەگەڵ کومیتەی بانە لە ئێوارەی رۆژی ١٣٧٣/٥/١٤دا لە سەر جادەی بانەـ سەردەشت لە نێوان گوندەکانی دۆڵەرزن‌و بێکەژ داو بە دەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی لە شەڕو بەرەنگاری‌دا شەهید بوو. دەستی تاوان‌و جینایەتی کۆماری ئیسلامی ماوەی زیاتری بە ژیانی مەنسوور نەدا کە بتوانێ خزمەتی زیاتر بە گەل‌و نەتەوەکەی بکات‌و لە بوارەکانی پێشمەرگایەتی‌و وەزرش‌دا هەنگاوی گەورەتر هەڵ بگرێ. شەهید بوونی مەنسوور خەسارێکی گەورە بوو لە شاری سەردەشت‌و کومیتەی سەردەشت‌و هێزی گیارەنگ‌و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی. گڵکۆی شەهید مەنسوور لە گوندی کونەورچێی ناوچەی رەبەتەو هیوادارین کە لە داهاتوودا بتوانین ئاواتی مەنسوور رەحیمی کە یەکسانی‌و بەرابەری‌و پێگەیاندنی لاوانی کوردستان بوو وەدی بێنین.

# لە یادی چل‌و یەکەمین ساڵی کۆچی دوایی فروغی فەرۆخزاددا

و: حەلیمە رەسوڵی



فروغی فەرۆخزاد بەفرانباری ١٣١٣ی هەتاوی لە تاران لە دایك بوو. دوای تێپەڕ کردنی قۆناغی سەرەتایی‌و ناوەندی بۆ فێر بوونی وێنەکێشی‌و دروومان رۆیشتە قوتابخانەی هونەرە جوانەکانی ئافرەتان.

لە تەمەنی شازدەساڵی‌دا ئۆگری بە یەکێك لە خزمەکانی دایکی بەناوی "پەرویز شاپوور" کە پازدە ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو پەیدا کردو سەرەڕای ناڕازی بوونی بنەماڵەکانیان پێکەوە زەماوەندیان کرد. ماوەیەك دوای زەماوەندەکەیان بەهۆی باروودۆخی کاریی هاوسەرەکەی رۆیشتنە شاری ئەهوازو پاش نۆ مانگ تەنیا منداڵەکەی بەناوی کامیار لە دایك بوو. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە پێی نایە دونیای شێعرەوەو هێندێك لە هۆنراوەکانی لە گۆڤاری "خواندنیها"دا بڵاو کرانەوە. ژیانی هاوبەشی ئەو زۆری نەخایاندو بە هۆی ئەو کێشانەی کە لە نێوان ئەوو هاوسەرەکەی‌دا هەبوو ژیانی هاوسەرێتییان لێك ترازاو لە دیتنی تەنیا منداڵەکەی بێبەش کرا.

یەکەمین کۆمەڵە شێعری ئەو بەناوی "ئەسیر" لە ساڵی ١٣٣١ لە کاتێك‌دا کە تەنیا ١٧ ساڵی تەمەن بوو چاپ کرا. دووهەمین کۆمەڵە شێعری واتە "دیوار" لە تەمەنی ٢١ ساڵی‌دا بڵاو کردەوە بەڵام بە هۆی کۆمەڵێك رچەشکێنی کەوتە بەر لۆمەو رەخنەی توند. کاتێك کە لە ٢٢ ساڵی تەمەنی خۆی‌دا بوو سەرەڕای ئەو هەمووە گوشارو رەخنانە سێهەمین کۆمەڵە شێعریشی لە ژێر ناوی (عصیان) چاپ کرا.

فروغ لە کۆمەڵە شێعری ئەسیردا بەبێ پەردەو سەرنج دان بە نەریت‌و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە هەستە ژنانەکانی خۆی کە لە واقیع‌دا ژیانی ئەزموونیی ئەو بوون دەخاتە بەر باس.

خەم‌و پەژارەو تەنیایی‌و بێهیوایی‌و بێمتمانەیی بە هۆی ئەوینی بێئاکامی ئەو لە تەواوی شێعرەکانی‌دا خۆی نواندوە. نۆرمە ئاکارییەکان دەخاتە ژێر پێ‌و بە ئاشکرا مەیلی خۆی دەردەبڕێ‌و لە راستی‌دا نێورۆکێکی نوێ کە تا ئەو کاتە لە شێعری ژنان‌دا وێنەی نەبووە، دەخولقێنێ.

لە کۆمەڵە شێعرەکانی دیوارو عوسیانیش‌دا باس لە خەم‌و تەنیایی‌و بێچارەنووسی‌و بێتوانایی لە رووی شێوازەوە لەو سێ کۆمەڵە شێعرەدا هەر بە پێی ئەو فۆرمە چوار بەشییە دەڕواو تەنیا هێندێك جار بە مەبەستی فرەیی دروست کردن لە شێعرەکانی‌دا هێندێك لەو فۆڕمە لادەدا.

فروغ ساڵی ١٣٣٧ دەستی بە کاری سینەمایی کرد هەر لەو سەردەمەدا بوو کە ئەو پێ بە پێی "برایمی گوڵستان" نووسەرو هونەرمەندی ئەو سەردەمە هاتە پێشێ. هەردووکیان لە "گوڵستان فیلم" پێکەوە کاریان دەکرد.

لە ساڵی ١٣٣٨دا بۆ یەکەمین جار چوو بۆ بریتانیا بۆ خوێندن لە بواری سینەماو سازکردن‌و بەرهەم هێنانی فیلم. دوای گەڕانەوەی لەو سەفەرە خەریکی کاری فیلم هەڵگرتنەوە بوو بۆ سازکردنی چەند فیلمێك هاوکاریی کاریگەرو نزیکی لەگەڵ گوڵستان بوو. لە بەهاری ١٣٤١ بۆ سازکردنی فیلمێکی بەڵگەنامەیی لە سەر ژیانی نەخۆشە گولەکان رۆیشتە تەورێز. فیلمی ماڵی رەش کە بە پێی ژیانی گولەکان ساز کراوە، یادگاریی هونەری سەفەرەکانی ئەو بۆ تەورێزە. ئەو فیلمە زستانی ١٣٤٢ لە فستیواڵی "ئۆبرهان وزن" لە ئیتالیا خەڵاتی باشترین فیلمی بەڵگەنامەیی وەرگرت. چوارەمین کۆمەڵە شێعری فروغ "لە دایك بوونێکی دیکە بوو" کە لە زستانی ١٣٤٣ چاپ کرا کە بە راستی ژیانێکی دووبارەی لە رێگای شاعیری ئەودا دەرخست. لە دایك بوونێکی دیکە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران‌دا خاڵێکی گەشاوە بوو کە قووڵایی شێعرو دونیای هزری شاعیرانەی بە شێوەیەکی نوێی‌و بێ هاوتا نیشان دەدا.

زمانی شێعری فروغ هەم لەو کۆمەڵە شێعرەداو هەم لە کۆمەڵە شێعری "ئیمان بێنن بە دەستپێکی وەرزێکی سارد" کە لە دوای مردنی بڵاو بوونەوە، زمانێکی دیارو خاوەن شوناس‌و تایبەت بە خۆی بوو. تەنیا "نیما" خاوەنی ئەو جۆرە سەربەخۆییە بوو. لە دوای ئەویش ئەخەوانی سالس‌و ئەحمەدی شاملوو (لە شێعری بێکێشی‌دا) ئەو هەڵسەنگاندنەش بەرهەمی هەوڵی چەند لایەنەی ئەو بوو. یەکەم ساکاریی زمان‌و نزیکی لە سنووری ئاخاوتن، دووهەم ئازاد بوون لە هەڵبژاردنی وشەکان‌دا بەپێی پێویست‌و سێهەم ئەو بەربڵاوییەی کە لە چەمکی کێش‌دا لە بەر چاوی گرتبوو.

فروغ دوای ئەوەی کە بۆ سازکردنی چەندین فیلم هاوکاریی "برایمی گوڵستانی" کرد لە هاوینی ١٣٤٣دا بۆ وڵاتانی ئیتالیا، ئاڵمان‌و فەرانسە سەفەری کردو فێری زمانی ئاڵمانی‌و فەڕانسەیی بوو. ساڵی دواتر رێکخراوی کلتووریی یونیکسۆ فیلمێکی نیو سەعاتی لە ژیانی ئەو ساز کرد، بەو هۆیە کە شێعرو هونەرەکەی ئەو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش بەباشی ناسراو بوو. فروغی فەرۆخزاد تەنیا سی‌و سێ ساڵی تەمەن بوو کە لە ساڵی ١٣٤٨ لە کاتی ماشێن لێخورین‌دا بە هۆی رووداوی ماشێن گیانی لە دەست داو لە گۆڕستانی "ظهیرالدولە"ی تاران بە خاك ئەسپێردرا.

### لە دایك بوونێکی دیکە

تەواوی بوونی من ئایەتێکی لێڵە
کە تۆ لە خۆی‌دا دووپات دەکاتەوە
بەرەو سپێدەی پشکوتن‌و رەهابوونی هەمیشەکی
دەبا
من لەو ئایەتەدا بە ئاخ‌و تۆم دەربڕی، ئاخ
من لەو ئایەتەدا
تۆم بە دارو ئاوو ئاورەو بەستەوە
ژیان رەنگە
شەقامێکی دوورو درێژە کە هەموو رۆژێ ژنێکی
زەمبیل بە دەست لێیەوە تێدەپەڕێ
ژیان رەنگە
ئەو گوریسەیە کە پیاوێك خۆی پێی بە دارێك‌دا
هەڵدەواسێ
ژیان رەنگە
منداڵێکە کە لە قوتابخانە دێتەوە
ژیان رەنگە
هەڵایساندنی جگەرەیەك بێ، لە مابەینی
بێهەستی باوەشێك‌دا
یان تێپەڕینی رێبوارێك بێ.



## بەرهەمێکی نوێ

کتێبی شێعری "تاسەکانم بۆ دایکم" کە کۆمەڵە شێعرێکی ژنە شاعیری هەستناسك، سوهەیلا قادری لەخۆ گرتووە هاتە بازاڕەوە.

شاعیر سوهەیلا قادری ساڵانێکە لە ریزی خەبات دایەو هاوکات لەگەڵ ئەرك‌و کاروبارە پێئەسپێردراوەکانی شۆڕش‌دا لە خزمەت کردن بە ئەدەبیاتی کوردیش خافڵ نەبووە.

ئەم کتێبەش کۆمەڵێك لە شێعرە جوانەکانی لەخۆ گرتووەو خوێنەران‌و هۆگرانی شێعری کوردی دەتوانن دەستی بخەن.

ئاواتی سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ ژنە شاعیر، سوهەیلا قادری دەخوازین.



## حەبیبە بابان:

# دەربەستم تا ئەو جێیەی ڕێ لە ئازادیی ڕادەربڕینم ناگرێت.

(٢-٢)

هەڤپەیڤین: هومەن مەردانی



پ - ئێوە لەتەک کام ڕۆژنامەو گۆڤاری ئەدەبیدا کارتان کردوە؟

و- من هەر وەك لە پرسیارێکی پێشتردا ئاماژەم پێ کرد، لەگەڵ زۆربەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە ئەدەبییانەی کە لە کوردستانی ئازاد دەردەچن پەیوەندیم هەبووەو هەیە، بە تایبەت لەگەڵ پاشکۆی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێو گۆڤاری ڕوانین.

پ - بەڕێزتان پەیڕەوی لە کام مەکتەبی ئەدەبی دەکەن، وەك ڕیالیزمو کلاسیزمو ڕۆمانتیزم؟

و- ئەو قوتابخانەیەی کە زیاتر لەگەڵ واقعییەتی ژیان نزیك بێتو ئەو دیمەنانەی کە لەگەڵ سروشت شێوەیەکی ڕۆمانسییەت بە شاکاری ویستەکانمانی داوە دەیانەوێت ئاڵوگۆڕی ئەو واتایانە بکەن کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو ڕاستییانەی کە دەبێت ببنو ئازادیش تێدا لەو قوتابخانەیەدا تەکنیکێك بۆ ڕایەڵی تێگەیشتن بە زەینی ئێمە دەڵێت، لەوێشدا ڕۆمانسییەت بە ئەرکی ئەو چالاکییانە هەڵدەستێت کە هەست، وێنایەکی واتادارییان بۆ دەخاتە ناو پێشانگای ڕوانینەوە.

پ - ڕای ئێوە سەبارەت بە "بە جیهانی بوون" چۆنەو نەخشی ئەم دیاردەیە لە سەر کۆمەڵگای کوردەواری چۆن دەبینن‌و بەتایبەت لە سەر ئەدەبی کوردی چۆن هەڵی دەسەنگێنن؟

و- دیارە جیهانگیری ڕۆڵی زۆری هەیە لە جیهاندا بە گشتی، لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕۆڵو کاریگەریی بەرچاوی لە لای ئێمەش هەبووە، با ئێمەی کورد لە هیچ ڕۆڵێکی بە جیهانی بوون نیگەرانی نیشان نەدەین، چونکە بە درێژایی مێژوو، میللەتێکی دواکەوتووو پاشکۆ بووین، ئەمڕۆ لە سایەی جیهانگیریدا بە تایبەت جیهانگیری ڕاگەیاندن دەتوانین دەنگو ڕەنگی خۆمان بە دونیا بگەیەنین، بۆیە من بە جیهانی بوون بە باش هەڵ دەسەنگێنمو پێم وایە لە سەر ئەدەبی کوردیش ڕۆڵی خۆی دەبێت، پۆزەتیڤو نیگەتیڤ.

پ - لە ئەدەبی جیهانی "گەلان" حەزتان لە کام کتێبو شاکاری ئەدەبییە؟

و- شاکارە بەناوبانگەکەی "بێ سەرپەرشتان"ی ڤیکتۆر هۆگۆ هەر لە منداڵییەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم، هەروەها زۆر حەز لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی سوهرابی سپێهری دەکەم بە تایبەتی "دەنگی پێی ئاو" زۆر سەرنجم ورد دەکاتەوەو دەموەستێنێ لە ئاستی تێڕامان-دا.

پ - سەبارەت بە هونەری دەروەست چۆن سەیری شتەکە دەکەن؟

و - ئازارو مەینەتیی گەلەکەمو چەوسانەوەو کیمیابارانو دەیان چەرمەسەری دیکە کە تا ئێستا ڕووبەڕووی گەلەکەم بۆتەوە، وایان لێ کردووم کە لە نووسینو بەرهەمەکانمدا تا ڕادەیەك دەروەست (ملتزم) بم بە دەورووبەرمو نیشتمانم. نەمویستووە هەموو سنوورەکان ببەزێنم.

دەربەستم تا ئەو جێیەی ڕێ لە ئازادیی ڕادەربڕینم ناگرێت، تا ئەو جێیە دەربەستم بە سنوورەکانەوە، کە زیانی بۆ کۆمەڵگەکەم نەبێو لە دواکەوتوویی‌و چەقێکی ڕاوەستاودا نەیهێڵێتەوە.

پ - لە پێناو وەدیهێنانی مافەکانی ژن لە کۆمەڵگەی داخراوی کوردەواریدا، ئێوە تا ئێستا بە چ شێوەیەك ئەم مەبەستەتان لە ناوەڕۆکی شێعرەکانتاندا گەیاندووە؟

و- لە پێناو وەدیهێنانی مافەکانی ژن لە کۆمەڵگەی داخراوی کوردیدا، من ڕام وایە هەموو ژنێك ئەرکی سەرشانیەتی، "نووسەر بێت یان نا"، لە ناو ناخی خۆیدا گەشە بە چارەنووسی ئەو ویستانەی بدات کە هەوڵی بۆ دەداتو دەیەوێت بە ئاکامیان بگەیەنێت، بۆ وەدەست خستنی ئەو هێزەش ژن دەبێت ئازاو بوێر بێت، دەبێت خۆی خانەکانی توانای لە ناخدا جورئەت پێ بدات، بۆ ئەوەش خۆی شۆڕشێکی ناخی پێویستە چونکە کۆمەڵگای کوردی شێوەیەکی داخراوی داوەو ڕێگری زۆر دەکات لە ئاست هزری ئێمەی ژندا، ژن هەر یەکە لە ئاستی خۆیەوە دەبێت ئەوە بکاتو خێزانەکەی وشیار بکاتەوە، من کە دەڵێم دەبێت ژن خۆی ئەوە بکات دەبێت سەرەتا خۆی فێرو دروست کردبێت کە چۆن بتوانێت لە ناو ئەو کۆمەڵگایە ڕەخنەی وای نەیەتەوە سەر کە کەسایەتیی ژن بوونی بڕوشێنێت لە ناو کۆمەڵو خێزانەکەیدا، چونکە هەموو مرۆڤێکی خاوەن بڕواو فکری دەزانێت کەسایەتی بە چی نرم دەبێتەوە چۆنیش نرخی بۆ دادەنرێت، ئەوەیان ئەسڵی ئەساسی وەدیهێنانی هەموو مافێکی ئینسانییەو بە تایبەت مافی ژن لە کۆمەڵگای داخراوی کوردیدا.

پ - لە پێوەندی لەگەڵ ئەدەبی فێمێنیستیدا، جەنابتان چ هەوڵێکتان داوەو چۆن دەڕواننە ئەم شتە، لە ڕوانگەی ژنە شاعیرێکی کوردەوارییەوە؟

و- فیمینیزم، بە واتایەکی تر "مێ خوازی" کە جوڵانەوەیەکی ڕووناکبیریو کۆمەڵایەتی جیهانییە، خۆی لە خۆیدا سەرەتای گۆڕانێکی جیددیە بۆ بەلاوەنانی پەیوەندییە کلاسیکیەکان لە نێوان ژنو پیاودا. من وەك ژنێکی کورد سەد دەر سەد هەموو پرۆگرامەکانی ئەو بزووتنەوەیەم بەلاوە باش نیە، من دەڵێم با ژنی کورد شۆڕشی فکریو ڕووناکبیری خۆیان بکەنو بە تەواوەتی خۆیان نەبەستنەوە بە سەرجەم ڕێساکانی ئەو بزووتنەوە جیهانییەوە.

پ - ئاخۆ ئێوە پەیڕەوی لە دارشتخوازەکان (بنەما خوازەکان) دەکەن یان فۆرمالیستەکان، یان بە وتەیەکی دیکە ئێوە زۆرتر بایەخ بە ناوەڕۆك دەدەن یان فۆرمو شێوە؟

و- فراوان بوونی نیگاکانمان بۆ تەماشای وێنەی شتە جوانەکانو ناشیرینەکان شتی تازەمان پێ دەڵێن، نوێیەتی، ڕازی بوونمان (هستی) بەرەو ئاقارێك دەبات پێمان دەڵێت: فێر بن لە بینینی هەموو ڕاستییەکی تازەدا ئاگادار بوتێك خۆی بە ماڵی وشیاریماندا دەکات - سەراپای هەستمان بۆ ماوەیەك ڕادەگرێت لە ئاست نێوەڕۆکی جوانییەکاندا.

ئێمە شتی جوانو ناسك دەبینین چێژ لەو جوانییانە وەردەگرین، بەڵام بە تەنیا ئەوە بەس نیە کە لێمان دیارەو پێمان دەڵێ: بمبینن من لێرەوە قەشەنگ دەرکەوتووم، لەوە جوانترو قەشەنگتر باری ناوەڕۆکەکەیەتی کە داهێنانمان نیشان دەدات کە ئاکارەکانی بوونی ژیانی لێوە بە ڕوونی دەبینینو وانەی بیرکردنەوەمان فێر دەکاتو لە ئاست هونەری داهێنانەکەیدا ڕامان دەگرێت.

بەرهەمەکانی مرۆڤ بە بیرکردنەوەوە جوانە، وێنەی بە ناوەڕۆكو بە پەی بردن بە نهێنییەکانی سروشتەوە جوانە، چەندەی فکر قووڵ بێت، ئەوەندەش فۆرمو ناوەڕۆکی هونەری دەدەن بە یاساکانی زمانو ڕوانین.

پ- چ ڕایەکتان سەبارەت بە شاعیرانی کلاسیکی موکریان هەیە؟

و- شێعری زۆربەی شاعیرانی موکریانم خوێندۆتەوە وەك: مامۆستا هێمن، هەژار، سەید کامیلی ئیمامی، وەفاییو هتد... هەر لە منداڵییەوە سەرسامم بە شێعرەکانی مام هێمن، لەگەڵ خوێندنەوەی شێعرە بە پێزەکانیدا هەستم بەو ئازارو موعاناتانە کردووە کە ئەو لە ژیاندا هەیبووە، وێنەی جوان جوانو ئەندێشەی قووڵو هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی لە بەرهەمە شێعرییەکانیدا دەکەم.

ئەو شێعرە بەرزەی خوالێخۆشبوو سەید کامیلی ئیمامی کە بە ناوی "شەو"ەوەیە بەلامەوە زۆر سەرنجڕاکێشەو بەنەشئەیە کە دەڵێ:

**نووری ڕوخسارت بەدەرخە دەردی بێ دەرمانە شەو**
**زوڵمەتی زولفت لەسەر ڕووت لادە ڕۆژ میوانە شەو**

بە گشتی شاعیرە کلاسیکییەکانی موکریان شاعیری پایەبەرزو بەتوانای نێو ئەدەبی کوردیمانو تا دنیا دنیایە دەبێ ئێمەی کورد شانازیان پێوە بکەین.

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی



تورگنیف - ئیوان

١٨٨٠ - ١٩٤٥

ڕۆمان نووسێکی ڕووسی بوو کە لە ٩ی نوامبری ساڵی ١٨٨٠ لە ئورال لە دایك بوو. لە ٣ی سێپتامبری ١٩٤٥ لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا لە فەرانسە کۆچی دوایی کرد. تورگنیف وەکوو زۆر لە ملکدارەکان لە لای مامۆستاکان لە ماڵی خۆیاندا پەروەردە کرا. ئەو زمانی ڕووسی خۆش دەویست لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا چووە زانکۆی مسکۆ، بەڵام لە ساڵی ١٨٣٥ ڕایان گواست بۆ زانستگەی پترزبورگ لەوێ لە بەشی زمان ناسیدا درێژەی بە خوێندن دا.

سەرەتا بە لاسا کردنەوە لە یەکێك لە بەرهەمەکانی (بایرۆن) شاعیری گەورەی بریتانیایی پارچە شێعرێکی نووسی و مامۆستاکەی پێی وت پێم وابێ تۆ دەتوانی ببی بە شتێك. ئەم قسەیە بوو بە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی خۆی لە ڕۆژنامەدا بڵاو بکاتەوە، یەکێك لەوان کۆشکی کۆن بوو. ساڵی ١٨٣٨ چووە بێرلین و دوو ساڵ خەریکی خوێندنی فەلسەفە و مێژووی زمانە کۆنەکان بوو، هاوکاتیش کەوتە ژێر کاریگەریی بیری هێگل فەیلەسووفی ئاڵمانی و خۆی لە ژێر قورسایی بیری ڕەگەزی ئەسلاو دەرهێنا چووە ڕیزی بیری ڕۆژئاواو تا مردنیش ڕۆژئاوایی بیری دەکردەوە. ئەو لە ساڵی ١٨٤٣ داستانە شێعرییەکەی بڵاو کردەوەو بە بڵاو کردنەوەی چووە نێو هەرێمی ئەدەبیاتەوە. ڕەخنەگری ڕووسی بینسکی یەکەمین بەرهەمی ئەوی لا پەسەند بوو.

یەکەمین بەرهەمی نووسینی ئەو کتێبێکە بە نێوی (بیرەوەرییەکانی ژنێکی وەرزشوان) کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٤١ - ١٨٥٠ نووسراوە، ئەو لەم کتێبەدا بارودۆخی ژیانی وەرزێڕانی ڕووسی داوەتە بەر ڕەخنە، کاربەدەستانی دەوڵەتی تزاری ڕووسی لەبەر بڵاو کردنەوەی ئەو کتێبە دڵیان ڕەنجا، بەڵام بیانوویەکیان بۆ گرتنی بە دەستەوە نەبوو.

بەڵام کاتێك تورگنیف لە بابەتێکدا بە نووسەری ڕووسی گوگول-دا هەڵی گوت بۆ ماوەی مانگێك زیندانییان کرد، ئەو لەو کاتەدا کتێبەکانی (هێلانەی ئەشرافزادەکان) باوکان و کوڕانی نووسی کە زۆرتر لە ڕۆژئاوادا بڵاو کرانەوە.

ئەو لە ساڵی ١٨٦٢ خانوویەکی گەورەی لە بادنی ئاڵمان کڕی و تا ساڵی ١٨٧٠ لەوێ مایەوە، دوایە چووە پاریس. زۆربەی داستانەکانی خۆی بە فەرانسەوی نووسی کە بریتین لە: دوو دۆست، ژیانێکی ئارام، یەکەمین خۆشەویستی، گۆرانی عیشقی پیرۆز، سێڵاوە بەهارییەکان.

تورگنیف بە هۆی نەخۆشی سەرەتان لە ساڵی ١٩٤٥دا مرد.




## ناساندنی ستوون:

هەروەك خوێنەرانی لاپەڕەکەمان ئاگادارن، لە ژمارەی پێشووی "کوردستان"دا گۆشەی سینەما، کە کاك ناسری ڕەسووڵی دەینووسی، بڵاو نەبۆوە. کاك ناسر لە دوایین کاتەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەدا ئاگادارمانی کردەوە کە ئەو ستوونە کۆتایی پێ هاتووە، هەر بۆیە "ئەدەب و هونەر"ی ژمارەی پێشوو لە چاو ژمارەکانی پێشتر ستوونێکی کەم بوو. وێڕای ئەوەی کە بە ناوی ستافی لاپەڕەی ئەدەب و هونەرەوە سپاس و دەستخۆشانە بە کاك ناسر دەڵێین کە لەو ماوەیەدا هاوکاری لاپەڕەکەمانی کرد و ئەو گۆشەیەی بۆ ئامادە دەکردین. لەم ژمارە بەدواشەوە لەم گۆشەیەی لاپەڕەکەماندا ستوونێکی نوێ بڵاو دەکەینەوە بە ناوی "دونیای کەونار"، کە ستوونێکی تایبەتە بە خستنەڕووی هزر و ئایدیاکانی فەیلەسووفانی یونانی دێرین.

بەر لەوەی کە بچمە سەر مژاری سەرەکیی ستوونەکەمان پێویستە بابەتی بەر باسی ستوونەکە بە خوێنەران بناسێنین و ئەگەر بە کورتیش بێت، باسێك لە سەر گرنگایەتیی یونانی دێرین لە سەردەمی ئێمەدا بکەین.

ئەگەرچی کۆمەڵێك بۆچوونی دیکەش هەن کە شوێنی سەرهەڵدانی فەلسەفە بۆ وڵاتانێکی دیکە و لەوانە هێندستان یان چین دەگێڕنەوە، بەڵام بە گشتی کۆدەنگییەك لە نێوان فەیلەسووفان و هزرڤانانی سەردەمی ئیستادا هەیە کە یونانی دێرین بە شوێنی سەرهەڵدانی فەلسەفە لە قەڵەم دەدەن. چونکە لەم قۆناخە لە مێژوو دایە کە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری سەرهەڵدانی فەلسەفە، واتە بوونی بۆشگایەکی کراوە و ئازاد بۆ هێنانە گۆڕی ڕا و بۆچوونەکان و لە ئاکامیشدا گوتوبێژی ئازادانە و بەرابەر پێك دێت. بۆ یەکەمین جار ئەمە لە پۆلیسی یوناندا بوو کە خەڵك (هەڵبەت خەڵکانی ئازاد نەك کۆیلەکان) لە مەیدانی ناوەڕاستی شاردا کۆ دەبوونەوە و هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەبوو باوەڕەکانی خۆی لە ئامادەیی ئەوانیتردا باس بکات و کەسیش بۆی نەبوو هێرشی نابەجێ بکاتە سەری.

چەند سەدە پێش سەرهەڵدانی مەسیحییەت و زاڵیەتیی ئایینی مەسیحی بەسەر ئەوروپادا، چەندان کەس لە یونانی دێریندا خەریکی گەڕانێکی ئاوەزمەندانە دەبوون بە دوای سەرچاوەی بووندا و پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە ڕاڤە و شرۆڤە دەکرد. خەڵکی یونان، بە پێی ویستی خودی ئەم کەسانە، بە فەیلەسووفیان ناودێر کردبوون. لە ڕاستیدا فەیلەسووف لە یونانی دێریندا کەسێك بوو کە شارەزایی لە سەر هەموو پرس و چشتێك هەبوو یان بە دەربڕینێکی دیکە، حەکیم بوو. بەڵام هیچ کات خۆیانیان بە زانا یان هەمووشتزان ناو نەبرد، بەڵکوو بە خۆیانیان دەگوت: فەیلەسووف (کەسێك کە زانینی خۆش دەوێت).

ئەو شیکاری و شرۆڤانەی کە فەیلەسووفانی یونانی دێرین خستیانە ڕوو بوون بە بنەما و بنەواشەی زانستە نوێیەکان و هەروەها فەلسەفەی مۆدێرن، کە لە دوای ڕۆژگارە تاریکەکانی سەدەکانی ناڤین هاتنە ئارا. لەم ڕوویەوەیە کە یونانی دێرین لە جیهانی مۆدێرنی ئەمڕۆشدا گرنگایەتیی خۆی هەیە و، ئەگەر چی کەسانێك هەن کە پێیان وایە بۆ شارەزا بوون لە فەلسەفەی ئەمڕۆیی و زانستە مرۆییە مۆدێرنەکان پێویستییەکمان بە خوێندنەوە و فام کردنی جیهانی کەونار و یەك لەوان یونانیش نیە، بەڵام بەم حاڵەش بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئێستاش وەڵامێکی یەکلاکەرەوە و کۆتایی (غایی) بۆ گەلێك لەو پرس و بابەتانەی کە یونانییەکان پتر لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا وروژاندنیان، لەوانە دادپەروەری چیە؟ چاکە و خراپە چیە و چ پێودانگێك هەیە بۆ ئەوەی کە بەو پێیە بزانین چ چشت یان کارێك چاکە و کامەش خراپ؟ پیرۆز (مقدس) چیە و چ پێودانگێك هەیە بۆ ئەوەی پیرۆز لە ناپیرۆز جیا بکەینەوە؟ و ... ، وەدەست نەهاتووە، بۆچوونێکی دیکەش هەیە (ئەمنیش لەم بڕوایە دام) کە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەخوازن شارەزا بە فەلسەفە یاخود لقێکی زانستە مرۆییە مۆدێرنەکان بن، پێویستە کە بە تایبەتی شارەزاییان لە سەر یونانی دێرین و باس و ئاخافتنەکانی ئەم قۆناخە لە مێژووی مرۆڤایەتی هەبێت. چونکە، هەروەك ئەماژەشم پێ کرد، زۆرێك لە پرسیارە فەلسەفییەکانی ئەمڕۆ هەر ئەو پرسیارانەن کە لە یونانی دێریندا خرانە ڕوو.

بە گشتی فەیلەسووفە سروشتییەکان (تالیس، ئاناکسیماندروس و ئاناکسیمێنس) بە یەکەمین فەیلەسووفانی یونان دەزانن. سروشت ئەو شتە بوو کە سەرنجی فەیلەسووفانی میلتوسی ڕاکێشا و پرسیاری بناژۆیی بۆ ئەم فەیلەسووفانە ئەوە بوو کە چلۆن ئەم گۆڕانکارییانە لە سروشتدا ڕوو دەدەن؟ و چلۆن دەکرێت مایەیەك بگۆڕدرێت و ببێتە مایەیەکی دیکە؟ ئەوان بەم دەرئەنجامە گەیشتن کە دەبێ مایەیەکی سەرەتایی هەبووبێت. دیارە زۆر ڕوون نیە کە ئەوان چلۆن بەم باوەڕە گەیشتن، بەڵام وێدەچێت پتر لە وێناکردن (تصور)ێك نەبووبێت. بە هەر حاڵ پرسی دۆزینەوەی یەکەمین مایەی جیهان، کە هەموو جیهان دەبێ لەوەوە دروست بووبێت، بوو بە بابەتی بیرکردنەوەیان و هەر کام لەوان مایەیەکیان بە مایەی بناژۆیی بوون (هستی) ئەژمار کرد. ئەم توێژینەوە و تاوتوێ کردنانەش کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر ئەوەی کە باوەڕە ئایینی و ئەفسانەیییەکان لاواز و کەمڕەنگ ببنەوە.

لە ستوونی داهاتوومان‌دا باس لە سەر فەیلەسووفە سروشتییەکان دەکەین و ئایدیا و بۆچوونەکانیان لە پەیوەندی لەگەڵ سروشت و جیهاندا دەخەینە ڕوو.



# نامەی فەرزادی کەمانگەر، مامۆستای مەحکووم بە ئێعدام، بۆ قوتابییەکانی

وەرگێڕانی لە فارسیەوە: رەسوڵ سوڵتانی

سڵاو منداڵەکان!

دڵم بۆ هەمووتان هێندەی نیسکێکی لێ هاتوە، لێرە شەو هەتا بەیانی، لە گەڵ خەیاڵو بیرەوەرییە شیرینەکانتان شێعر دەهۆنمەوە. هەموو رۆژێ بە جێی ئێوە بەیانی باش بە خۆر دەڵێم، لەو دیوی ئەم شوورەو دیوارە بەرزانەوە، بە خەبەر دێم، لە گەڵتانا پێدەکەنمو لە گەڵتان دەخەوم. جاری وایە شتێکی وەکوو دڵتەنگی هەموو گیانم دادەگرێ. خۆزگە دەڵوا وەك رابردوو، ماندوویی وشەکەتیی سەردانەکان کە ناومان نابوو سەیرانی زانستیو ماندوویی دەست هاتو هاوار، تۆزو خۆڵی شەکەتیمان لە گەڵ زوڵاڵیی کانیاوی ئاوایی بە فەرامۆشی بسپێرین. خۆزگە دەمانتوانی وەکوو رابردوو، گوێمان بە" دەنگی پێی ئاو"و جەستەمان بە لاواندنەوەی گیاو گوڵ بسپێرینو لە گەڵ سەمفۆنیای جوانیی سروشت پۆلی وانەکانمان بگرینو کتێبی بیرکاری بە هەموو نادیارەکانیەوە (مجهول) بخەینە ژێر کوچکە بەردێك. چونکی کاتێك باوە نانێکی لە سەر سفرە نیە فەرقی چیە "پی" ٣/١٤ بێ یا ١٠٠/١٤. وانەی زانستەکانمان بە هەموو گۆڕانە کیمیاییو فیزیاییەکانی دونیاوە وەلا نابۆ بە هیوای گۆڕینێك لە رەگەزی "عیشقو موعجیزە" چەند پەلە هەورمان لە گەڵ

سروە بە ئاسماندا بەڕێ کردباو چاوەڕێی گۆڕانێك ببایین کە "کورش" هەر ئەو هاوپۆلیە پڕ جۆشو خرۆشەتان لە پۆلەوە نەنێرێتە کرێکارییو لە مێرمنداڵیدا لە تەشقی بیناکەوە بە شوێن پاروە نانێکدا نەکەوێتە خوارەوەو بۆ هەمیشە ماڵئاواییمان لێ نەکا. چاوەڕێی گۆڕانێك کە بۆ جێژنی نەورۆز جووتێك پێڵاو دەستێك جلوبەرگی باشو سفرەیەکی پڕ لە نوقڵو شیرینی لە گەڵ خۆی بێنێ.

خۆزگە دەکرا دیسان بە دزییەوەو دوور لە چاوی راگری نێوچاوان گرژو تاڵی قوتابخانە، تەمرینی ئەلفو بێیەکەی کوردیمان کردبایەوەو بە زمانی زگماکیمان شێعرمان بۆ یەکتری خوێندبایەوەو گورانیمان چڕیبایەو دەست لە نێو دەستی یەکتریدا هەڵپەڕیبایەن، هەڵپەڕیبایەن.

خۆزگە دیسان لە نێو کوڕانی پۆلی یەکدا، ببامەوە بە گوڵچیو ئێوەش بەو خەیاڵەی کە رۆژێك دەبنە رۆنالدۆ گوڵتان لە مامۆستای خۆتان داباو یەکترتان گرتبایە ئامێز. بەڵام مخابن نازانن لە نیشتمانی ئێمەدا ئاواتو ئارەزووەکانمان بەر لە قابی وێنەکەمان، تۆزو گەردیان لێ دەنیشێ. خۆزگە دایکی یاریی "دایە مەمدەبەگورگێی" کچانی پۆلی یەکەم بوایەم کە دڵنیام پاش چەند ساڵان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانتاندا بەدزیەوە دەنووسن: خۆزگەو سەد بریا، کچ نەبوایەن.

دەزانم گەورە بوونو مێردێ دەکەن، بەڵام ئێستاش بەلای منەوە هەر ئەو فریشتە پاکو بێ خەوشو بێ گەردەن کە "شوێنی ماچی ئاهوورامەزدا" هێشتا لە نێو گلێنەی جوانتان دا دەدرەوشێ. بەراستی کێ چووزانێ، ئەگەر ئێوە فریشتەکانی رۆڵەی هەژاریو ئازارو خەم نەبان، کاغەز بەدەست ئیمزاتان کۆ نەکردباوە بۆ کەمپەینی ژنان، یا ئەگەر لەم قورنەیەی "خاکی فەرامۆش کراوی خودا" لە دایك نەبووبان، ناچار نەبوون لە تەمەنی سێزدە ساڵان دا بە چاوی پڕ لە فرمێسکو دڵی بەژان "لە ژێر تارای سپیی ژن بوون"دا بۆ دوایین جار



ماڵئاوایی لە قوتابحانە بکەنو "چیرۆکی تاڵی رەگەزی دووهەم بوونتان" بە تەواوی بوونتانەوە ئەزموون بکەن. کچانی نیشتمانی ئەهوورا، سبەی رۆژێ کە لە داوێنی سروشت دا ویستتان پنگە بۆ رۆڵەکانتان بچنن یا تاجە گوڵینەیەکیان لە وەنەوشە بۆ سازبکەن، یادی هەموو پاکیو شادییەکانی سەردەمی منداڵیتان بکەنەوە.

گورانی سروشتی هەتاو، دەزانم تازە ناتوانن لە گەڵ هاوپۆلییەکانتان دانیشنو بخوێننەوەو پێبکەنن چونکی پاش "نەهامەتیی پیاوبوونتان" ئیتر خەمی نان بەربینگتان پێ دەگرێ، بەڵام لە بیرتان بێ کە پشت لە شێعرو لە گۆرانیو لە لەیلاکانتانو لە ئاواتەکانتان مەکەن. منداڵەکانتان فێر بکەن بۆ نیشتمانەکەیان بۆ ئەمڕۆو سبەینێیان رۆڵەیەك بن لە رەگەزی باران. بە دەستی شنە باو هەتاوتان دەسپێرم هەتا لە سبەینێیەکی نیزیك دا وانەی عیشقو راستگۆیی بۆ نیشتمانمان بڵێنەوە.

هاوڕێ، ئاوالۆ مامۆستای سەردەمی منداڵیتان، فەرزادی کەمانگەر ـ گرتووخانەی رەجایی شەهری کەرج

# چاوەدێری مافی مرۆڤ: حوکمی ئیعدامی فەرزاد کەمانگەر هەڵوشێتەوە

رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ رایگەیاند: ئێران دەبێ حوکمی ئیعدامی مامۆستای کورد، فەرزاد کەمانگەر هەڵوەشێنێتەوە. کەمانگەر یەکێك لە چالاکانی مەدەنی کوردستان بووە.

بەرپرسانی پێوەندیدار هەروەها ئەرکی سەرشانیانە لە بارەی قسەکانی کەمانگەر لە سەر ئەوەی کە کاتی گیرانی ئەشکەنجەیان داوە بکۆڵنەوەو هەر مەئمورێکی لە کاری ئازارو ئەزێتی جەستەیی ئەودا بەشدار بووە بەرپرس بێ.

جۆستورك جێگری سەرۆکی بەشی رۆژهەڵاتی نێوەراستی رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ دەڵێ: دۆسیەی کەمانگەر نیشانەی ئەوەیە کە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ئاساییە. کەمانگەر ئەشکەنجە دراوە، موحاکەمەیەکی ناعادڵانە کراوەو ئێستاش رووبەرووی حوکمی ئیعدام بۆتەوە.

رۆژی ٢٥ی فێوریە، لکی ٣٠ی دادگەی شۆڕش کەمانگەری بە تۆمەتی "هەنگاونان دژی تەناهیی نەتەوەیی" بە ئیعدام مەحکووم کرد.

بەپێی وتەکانی پارێزەری کەمانگەر، ئەو دادگایە پێبەندییە یاساییەکانی ئێرانی سەبارەت بەم دۆسیەی ئەو پێشێل کردوە. هەروەها ناوبراو بە رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی گوت: بەرپرسانی دادگە داواکای ئەویان بۆ پێبەند بوون بە پێویستیە یاساییەکان بە گاڵتە گرتوە.

بەرپرسانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مانگی ژوئیەی ٢٠٠٦ ناوبراویان لە تاران دەستبەسەر کردو بەندیخانە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، کرماشانو تارانیان پێکرد. کەمانگەر دەڵێ کاتی دەستبەسەر کردنی لە ئوتی ٢٠٠٦دا لە بەندی ٢٠٩ی بەندیخانەی ئەوین، مەئمورانی زیندان هێندەیان ئەشکەنجە داوە ناچار بوون رایگوازنە نەخۆشخانە. تەنانەت کەمانگەر خۆشی وردەکاریی شکەنجە کرانی خۆی لە نامەیەك دا بە کورتی روون کردۆتەوە، کە چاوەدێری مافی مرۆڤ کۆپییەکی لەو نامەیە پێگەیوە.

کەمانگەر بەر لە گیرانی، ١٢ ساڵ لە کامیاران مامۆستا بووەو ئەندامی شاندی بەرێوەبەریی لقی خۆجێیی ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانو یەکێك لە گروپەکانی داکۆکی لە ژینگە بووە. هەروەها وتاریش بۆ مانگنامەی "رویان" بڵاوکراوەی وەزارەتی پەروەردە نووسیوە. رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ حوکمی ئیعدام لە هەر هەڵومەرجێك داو لە بەر هەر هۆیەك بێ بە بێبەزەییانەو نامرۆڤانە دەزانێ.

# پەپوولە سووتاوەکەی تەیراوا

هانا وریا

ئەوە دیسان پەپولەیەکی تر باڵی گرت بەرەو نیشتمانی پەپولەکان، ئەوە دیسان پێنووسەکەی من مانی گرتووەو ڕەنگی بێڕەنگی ئەو فرمێسکانەی گرتووە کە لە شەوە ساردەکەی ئەم زستانەدا دەکەوتنە سەر بەتانییە تەڕەکەی ڕاخراو لەسەر بانی یەکێك لە ئەشکەنجەگاکانی گەڕەکی تەیراوای شاری هەولێر، ئەوە دیسان پەڕەکانی ئەم پەڕاوە گڕوویان گرتوە خۆیان دەکەنە جەستە شین هەڵگەڕاوەکانی ئەیوب و پیتەکانیش لەیەك دوورکەوتوونەوەو جێگا سیگارەکانی یووسفی باوکی

ئەیوب لەسەر لەشی ناسکی ئەو نیشان دەدەن.

تاریکی ئەم ژوورەش بووە بە پەتە شیتاڵ شیتاڵەکانی شیرین، ئەیوب گیان ئەو پەتانە ئازاریان دەدای بەڵام هەمیشە دەت کووت کێ هەیە بێجگە لەو پەتانە من لە باوەش بکات.

لەو ڕۆژانەدا لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانو گۆڤارەکان کە هەڵدەدەینەوەو وێنەی تۆ بە جەستەیەکی بریندارو شێواوە دەبینین، زۆر بێزار دەبینو بەردەوام بیرت لێدەکەینەوە.

لەناو پۆلە ساردو سڕەکە لەسەر کورسییە تەپوتۆزاوییەکە دانیشتبووم، چاوم بڕیبووە پەنجەرەکەو



سەیری شەقامە خۆڵاوییەکانی شارم دەکرد، لەناکاو مامۆستایەکی کۆمەڵناس هاتە

ژووریۆ باسی جوانیەکانی ناو کۆمەڵگە بۆ کردین: ڕێزلێنان، لێبوردن،

خۆشەویستی،..........

نازانم لەبیری چوو یان نەدیدەویست باسی توندوتیژی دژی منداڵان، ئازاردانی منداڵان، ڕێزنەگرتنی منداڵان، سەرەنجام کوشتنی منداڵان بکا.

ئەیوب تۆ ڕۆیشتیو دوورکەوتییەوە لە وڵاتی توندوتیژییەکانو ناکۆکیو ڕقو کینەکان، بەڵام ئەوەش بزانە کە تۆ یەکەم منداڵو دوایین منداڵیش نابی کە بە دەست مرۆڤە بێڕەحمەکانو ..... دەکوژرێیت.

هەمووتان ئەم ڕۆژانە هەواڵی مەرگی پەپولەیەکتان بیستوەو وێنەی ئەیوبی تەمەن ٥ ساڵانتان بە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە دیتوە.

ئەیوب هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوە ٤ ساڵ کە دایکی ئەیوب لەلایەن یووسفی باوکی ئەیوبەوە ناچار بە بەجێهێشتنی ماڵ کراو لەو ڕۆژەوە ئەیوب کەوتە بەر دەستی سۆزی باوەژن!!

ئەیوب دەی گوت باوکم منی زۆر خۆش دەوێ، ئەوە نیيە هەموو ڕۆژی دەمبەستێتەوە، ئەوە نیيە سیگارەکانی لەسەر پێستی من دەکوژێنێتەوە، ئەوە

نیيە لە ژوورەکان دا زیندانیم دەکا،.....

ئەو دەڵێ بۆ ئەوەی تۆ ئاقڵ بی، باوکە هەموو ئەوانەت کرد بەڵام من دەتبوورم چونکە تۆ منت هان دا کە ئەم جیهانە جێبهێڵمو بڕۆم بۆ بە دوای گەڕان بۆ جیهانێکی تر، بۆ لای ئەو هاوڕێیانەم کە هەمان غەمی منیان هەبوو.

من لێرە ئاسوودەم تەنیا بیری دایکمو خوشكو براکەم دەکەم. تۆزێکیش جێگەی برینەکانم دێشێ، بەڵام قەیدی نیيە.

ئێستا تەنیا غەمێکم هەیە، ئەویش غەمی ئەو منداڵانەیە کە ئێستا لە جیهانەکەی ئێوەدا دەژین.

باوکە ئێرە زۆر خۆشە، کەس لێرە ئازارم نادات. کەسیش پێم ناڵێ بێعاری، نە کەس جگەرەم لە سەر لەش دەکووژێنێتەوە، نە بەرشەقو زللەم دەدەنو نە لە ژووری سارو سڕو سەربان دەمبەستنەوە. لێرە هەموو منیان خۆش دەوێو هەموومان بەیەکەوە دەژین. یەکتریش بەجێ ناهێڵین.

# سوسیال دێموکراسی چیه؟

**( بەشی نۆیەم )**

وەرگێڕان لە
ئینگلیزییەوە:
کەماڵ حەسەنپوور

**به مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزمو سۆسیال دێموکراسی-داو هەروەها مۆدێلو ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم له وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك له زمانی ئینگلیزییەوه لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیه؟"دا به شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوه. ئەم کتێبه له نووسینی ئینگڤار کارلسۆنو ئان ماری لیندگرێنه.**

ڕەنگ دانەوەیەکی‌تری ئەو فکرە کە هێزەکانی ئابووری هەروەها بۆ "سەرخانی (ئابوورییش)" بڕیاردەرن ئەوەیە کە زۆر یەک لە بەها سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان شوێن پێیان دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی ئابووری: "بەرژەوەندی قەت درۆ ناکات" لە پشت ئایدیۆلۆژی لیبرالیی ئازادی لە سەدەی ١٨ مرۆڤ دەتوانێ زۆر بە ڕوونی شوێن پێی ویستی چینەکانی پەرەئەستێنەری بازرگان و خاوەن کارخانە بۆ تێکشکاندنی مافە تایبەتی‌یەکانی چینی ئاریستۆکراتی خاوەن زەوی بەدی بکات، کە پێشیان بە گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازی گرتبوو. و لە پشت پەرەستاندنی داواکاری‌یەکان بۆ ئازادی و یەکسانی سۆسیالیزم مرۆڤ دەتوانێ، بە هەمان شێوە، ویستەکانی چینی ژێردەستی کرێکار بۆ تێکشکاندنی مافە تایبەتی‌یەکانی بازرگان و خاوەن کارخانەکان ببینێ.

شتێکی ئاشکرایە کە ئەوە بە هیچ شێوەیەک لە ڕەوایی ئازادی و یەکسانی کەم ناکاتەوە و یا خود دڵسۆزی ئەو کەسانەی کە، زۆرجار بە خستنە مەترسی خۆیان، خەباتیان بۆ ئەو بیروبۆچوونانە کردوە؛ ئەو ڕاستی‌یە کە تاکەکان لە چالاکی‌یەکانی خۆیاندا بیرێکی بە هێزی ئایدیالیزم هاندەریانە حاشای لێ ناکرێ، جا قەی ناکا مرۆڤ چ هەڵوێستێکی بەرامبەر بە هێزە بڕیاردەرەکانی "مێژوو" هەبێت. بەڵام ئەوە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی گرووپە سیاسی‌یە جیاوازەکان مانای وشەی وەک بۆ وێنە ئازادی وەها جیاواز لێکدەدەنەوە و جەخت لە سەر لایەنە جیاوازەکانی فکری ئازادی دەکەنەوە. جارێکی‌تر ئەو پرسیارە بەرز دەبێتەوە کە "ئازادی بۆ کێ؟ و بۆچی؟"

ئەوە هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی ئەو لایەنانەی کە بیروبۆچوونی سۆسیالیستی‌یان هەیە وەها خولیای ئابووری و ڕێکخستنی ئابوورین: دەکرێ پەیوەندی‌یەکی ئاشکرا لە نێوان چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئابووری و ژیانی کار، و ئەو دەرفەتانەی کە کۆمەڵگا بۆ وەدیهێنانی خەون و ئاواتە (Ideals) بنەڕەتی‌یەکانی مرۆڤ دەستەبەریان دەکات ببیندرێت، خەون و ئاواتی وەک دێموکراسی و ئازادی. دێموکراسیی ڕاستەقینە، کە لە سەر ئەو بۆچوونە دامەزراوە کە هەموو کەس وەک هاووڵاتی یەکسان، دەتوانێ بەشداری لە پڕۆسەی سیاسیدا بکات، مومکین نیە، ئەگەر ژیانی کار خەڵک بە سەر ئەوانەی کە گرنگن و ئەوانەی کە گرنگ نین، بە سەر خەڵکی خاوەن دەسەڵات و بێ دەسەڵات، بە سەر ئەوانەی کە بڕیار بۆ خەڵکی‌تر دەدەن و ئەوانەی کە تەنانەت ڕێگای بڕیاردان لە سەر ژیانی خۆشیان پێ نادرێت دابەش بکات.

ئەو هەڵوێستانەی کە پەیوەندی‌یەکانی بەرهەمهینان دروستیان دەکەن لە ژیانی سیاسیدا دووبارە دروست دەبنەوە: ئەگەر ئێمە دەمانهەوێ دێموکراسی‌یەکی سیاسی بە هاوڵاتیانی سەربەخۆ و بەرپرسیارمان هەبێت، کەوابوو دەبێ ژیانێکی کارمان هەبێ کە لەوێدا کرێکارەکان سەربەخۆ و بەرپرسیارن، نەک ژیانێکی کار کە لەوێدا ئەوان تەنیا فەرمان وەر دەگرن و مافی دەربڕینی هیچ بۆچوونێکیان نیە.

بە پێی ئەو بۆچوونە دێموکراسیی سیاسیی دەخوازێ کە یاساکانی ئابووری نابێ تەنیا لە ڕوانگەی قازانجەکانی خاوەن سەرمایەکان، بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە ئەو قازانجانە بە چ نرخێک لە سەر ئەوانی‌تر دەکەون، دیاری بکرێن. یاساکان دەبێ لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و پێداویستی‌یەکانی زۆرینەی دانیشتوانی کرێکار بۆ شتی وەک بارودۆخی کار بە جۆرێک کە تەندروستیی خەڵک نەخەنە مەترسی‌یەوە، یا مافی بەکار هێنانی دەسەڵات بە سەر کارەکەی خۆیاندا، یا پاراستن لە دژی ئەوەی کە هەر چۆنی پێیان خۆش بێت هەڵس و کەوتت لە گەڵدا بکەن، و هەروەها دەرفەتی گەشە کردن و زیاد کردنی پلەو پایە دیاری بکرێن. بە واتایەکی‌تر ئەگەر ئێمە "سەرخانێکی کۆمەڵایەتیمان" لە ئازادی و دێموکراسی دەوێ، کە وابوو دەبێ ئێمە بناغەی ئابووری، بەرهەمهێنان، بە پێی ئەو خەون و ئاواتانە داڕێژین، دەنا خەون و ئاواتەکان شتێک نابن جگە لە یوتۆپیا (مدینە فاضلە).

هەروەک پێشتر ئامارژەمان پێکرد، بۆ سۆسیال دێموکراتەکانی سوێد ئەوە بەو مانایە نیە کە دەبێ خاوەندارەتی تاکیی لە ئاست کۆمپانیاکان قەدەغە بکرێ، و بێ گومان بەو مانایەش نیە کە مرۆڤ دەبێ داواکاری‌یە بنەڕەتی‌یەکانی بازرگانی وەک ئەو ڕاستی‌یە کە داهات و دەرکەوت دەبێ لە گەڵ یەک بگونجێن بخاتە پشت گوێ. بەڵام ئەوە بەو مانایەیە کە دانیشتوان بە یەکەوە، لە ڕێگای پێکهاتە هەڵبژاردەکانیانەوە، دەبێ بتوانن مەرجە کۆمەڵایەتی‌یەکان ("یاساکانی کایە") بۆ ناوەندە بازرگانی‌یەکان دیاری بکەن. ئەوە هەروەها دەخوازێ کە کرێکارەکان، لە شوێنەکانی کار و لە ڕێگای سەندیکای کرێکاری‌یەوە، دەبێ بتوانن دەسەڵاتیان بە سەر مووچە و مەرجەکانی کار و هەروەها ڕێکخستنی کاری ڕۆژانەدا هەبێ.

## دەوری بیروباوەڕەکان

بۆ ماتریالیستی مێژوویی ڕاستەقینە، فکرەکان، ئایدیۆلۆژی‌یەکان بۆ گەشە



کردنی کۆمەڵگا زۆر گرنگ نین، سۆسیال دێموکراسی بە تەواوی ئەو ڕوانگە نەخشەیی‌یەی (schematic view) لە سەر شت نیە. هەڵبەت مرۆڤ ناتوانێ فکرەکان و خەون و هیواکان وەک ئامرازی بێ گیان بۆ بەرژەوەندی ئابووری سەیر بکات. فکری وەک ئازادی و یەکسانی، دادپەروەری و خێرکردن لە هەموو سەردەمێکدا هەبوون بە بێ لەبەرچاو گرتنی تەکنیکی بەرهەمهێنان یا شێوەی داڕشتنی ئابووری. هەڵبەت ئەوانە کاریگەری‌یان لە سەر ئەو شتەی کە ئێمە پێی دەڵێین ژیانی کۆمەڵایەتی هەبووە، خەڵک لە هەموو سەردەمێکدا ئاگاداریی پیر و نەخۆشەکانیان کردوە، و لە هەموو کۆمەڵگایەک بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕێگا چارەیەک بۆ پێڕاگەیشتن بەو کەسانە هەبووە کە هیچ خزمێکیان نەبووە کە سەرپەرشتی‌یان بکات. لەو ڕوانگەیەوە فکرەکان و خەون و ئاواتەکان هەمیشە کاریگەری‌یەکی سەربەخۆیان لە سەر داڕشتنی کۆمەڵگا هەبووە.

بەڵام لە هەمان کاتدا مرۆڤ دەبینێ کە هەندێک بیروباوەڕ پێشکەوتنی گرنگی سیاسی‌یان بە خۆوە نەدیتوە تا ئەو کاتەی کە ئامرازەکانی ئابووری ئەو وەرچەرخانە بوونیان نەبووە، یا مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، تا کاتێک کە هێزەکانی بەرهەمهێنان هەلەکانیان بۆ نەڕەخساندبێت. سەرهەڵدانی جوتیاران لە سەدەکانی ناوەراست بە دژی مافە تایبەتی‌یەکانی چینی خانەدان شکستی هێنا، هێرشەکانی سەدەکانی ١٨، ١٩ و ٢٠ لە لایەن بازرگانان و خاوەن ناوەندە پیشەسازی‌یەکان سەرکەوت، چونکە ئەوان نوێنەرایەتیی سیستەمێکی نوێ‌تر و کاریگەرتری بەرهەمهێنانیان لە ئابووری ئاریستۆکراسی خاوەن زەوی‌یەکان دەکرد. پەیوەندی نێوان ئاڵوگۆڕ لە بواری ئابووری و پێشکەوتنی گرنگی خەون و ئاواتە کۆمەڵایەتی‌یە نوێکان زۆر ڕوونە.

## خەباتی چینایەتی

بە وتەی مارکس گەشەکردنی مێژوو بە خەبات لە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەش کردنی دەسکەوتی بەرهەمهێنان دادەڕێژرێ: "هەموو مێژوو، مێژووی خەباتی چینایەتی‌یە". لێرەدا "چین" ئەندامەتی لە گرووپێکی ئابووری دەنوێنێ کە پەیوەندی بەرامبەر بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دیاری دەکەن. سنووری یەکلاکەرەوەی چینایەتی لە نێوان ئەوانە دایە کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وەک زەوی، پارە و مەکینەکانن و ئەوانەی کە خاوەنی هیچ شتێک نین مەگەر ( هێزی) کاری خۆیان.

خاوەنی ئەو ئامرازانەی بەرهەمهێنان، کە لە بڕگەیەکی دیاری کراو لە گەشەکردنی تێکنۆلۆژیدا گرنگترینن، هەروەها دەبنە خاوەنی دەسەڵات بە سەر کۆمەڵگادا. ئەوانەی کە دەسەڵاتیان نیە بە دژی ئەوە شۆڕش دەکەن، بەڵام بە پێی تیۆریی مارکسیستی، تا تێکنۆلۆژی بەرهەمهێنان دەست بە گۆڕین نەکات هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینە ڕوو نادات، بۆ ئەوەی کە فاکتەری تری بەرهەمهێنان زاڵ بن. ئەوجار ئەو دەستەیە (ئەو چینە) کە ئەو فاکتەرانە کۆنترۆڵ دەکات، دەبێتە دەسەڵاتداری نوێ.

کەوابوو "چین" شتێکی بە تەواوی جیاوازە لە تاقمی کۆمەڵایەتی. چەمکی چین کە لە ڕێگای خاوەندارتی پێناسە کرابێت تەنانەت لە کاتی ژیانی مارکسیشدا نا لێڵ نەبوو، لە ڕاستیدا، مارکس ناچار بوو چەمکی "پلەی ناوەڕاست" بۆ ژمارەیەک تاقمی ئابووری پێشکەش بکات کە نە دەکرا وەک سەرمایەداری خاوەن سامان و نە وەک پڕۆلێتەری بێ سامان پێناسە بکرێن. لە ئابووریی ئەمڕۆدا، کە ئێجگار ئاڵۆزترە، مامەڵە کردن لە گەڵ چەمکی چین زۆر دژوارترە. ئەگەر خاوەندارەتی بۆ ئەندامەتی چین پێوەر بن، ئەو کەسانەی کە داهاتیان زۆرە بەڵام سەرڕای ئەوەش فەرمانبەرن، پسپۆرەکانی بازرگانیی کەرتی تایبەت، دەبنە کرێکار، لە کاتێکدا کە پیتزا دروستکەرێک کە تەنیا کرێکارێکی نیوە وەختی هەیە دەبێتە سەرمایەدار.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# ڕەچەڵەك ناسی لورو قەیرانی شوناسی ئیتنیکی لە لۆرستانی گەورەدا

نووسینی: چیا حەسەن

وەرگێڕانی: ت. ڕەحیمی

**بەڕایی:**

ڕەچەڵەك ناسی (genealogy) چەمكێكی فۆكۆییە لە پێوەندیی لەگەڵ چەمكی هێزو زانست دا سەری هەڵداوە كە سەرنجی خۆی دەداتە زانستێكی رووكەش، نابەردەوامو ناڕەوا. هێزی ناوەند خولقێن كە دەگەڵ گوتاری زانستی ڕێكخراو لە كۆمەڵگەیەك دا وەك كۆمەڵگەی ئێمە لە پێوەند دایە، تووشی كێشە دەكا.(١) ئەو دەستەواژەیە دەتوانێ مەسەلەی شوناسیو ئیتنیكیش روون كاتەوە.

لەو بیاڤەدا، ڕەچەڵەك ناسیی ئیتنیكی بریتییە لە ناسینی بنەچەكەو ڕەسەنیو چاوگەی ئیتنیكیو ژیانی مێژوویی ئیتنیكەكانی ناوچەیەكی جوگرافیایی كە لە ڕاستیدا تێڕمانێكی قووڵە، لە دۆزینەوەی سەرچاوەی ژیانی مێژووییو پێك هاتنی ئیتنیكیكو ئیتنەكانی دیكەی وڵاتێك یا ناوچەیەك لە بەستێنی مێژوودا كە بۆ هەڵسەنگاندن لەم بوارەدا دەبێ هۆكارەكانی ژینەگەیی، ناوچەیی، جوگرافیایی، مێژوویی، چۆنیەتیی فۆرمو بزووتنی حەشیمەتیش لەبەر چاو بگیرێ (٢) بەو پێناسەیەی كە لە ڕەچەڵەك ناسیمان كرد تێدەكۆشین ڕەچەڵەك ناسی لۆرە بە بنەچە كوردەكانی نیشتەجێی ڕۆژئاوای وڵاتەكەمان بە پێداچوونەوەیەك بە ڕای مێژوونوسانو بەرەچاوكرانی ئاكارو كرداریان، شوناسی ئەو بەشە لە كوردان روون كەینەوە.

**ڕەچەڵەك ناسیی لور**

لور ناوی قەومێكی كوردانە(اكراد). ("اكراد" "جمع مكسر" لە زمانی عەرەبیدا، كە بۆ سووكایەتیی كردن بە ئتنیكە سەرەتاییەكان، كە لە بواری ئابوورییەوە بە ژیانی گەرمێنو كوێستانەوە بەستراونەتەوە) دێ كە لە كوێستانەكانی زاگرۆس دا لە مابەینی خوزستانو ئیسفەهان دا دەژینو بە وڵاتەكەیان (بلد دالوار) دەڵێن (یاقوت حموی)(٣)و لورستان بە وڵاتێك دەوترێ كوردان لێی دەژین (یاقوت حموی، ابن حوقل)(٤)و لورەكان یەكێك لە چوار بەشە سەرەكییەكەی كوردان بوون (سعودی)(٥)و شەرەفخانی بەدلیسیش لە سەدەی ١٦دا زاراوەی لوری لە ڕیزی دوویەمین زاراوەی گەورەی كوردی داناوە(٦) لە بارەی زمانی خەڵكی لورستانەوە كە لە ڕابردوودا بەشێك بووە لە خوزستان، دەڵێن ئەو خەڵكەی لە خوزستان ژیاون بە سێ زمانی عەرەبیو كوردیو خوزی دواون(استخری)(٧). سەرجەم لە هەموو ئەو نووسراوانەو ئاسەوارە مێژووییەكانەوە، وا دەردەكەوێ كە بەختیارییەكان ئێرانی [ئاریایی] ڕەسەننو دەگەڵ كوردانو لوران لە یەك بنەچەو ڕەگەزنو زمانەكەشیان هەر زمانی پەهلەوییە [كوردیی كۆن] (نیكزاد ئەمیر حسینی)(٨). لە هەموو ئەوانە گرینگتر لە ساڵەكانی ١٨٩٨ ـ ١٩٠١دا لە كتێبیدا (Gunddirss of Iran phololigie) دەڵێ: لوران بەشێكن لە نەتەوەی كورد (هوتوم شندلر). ئەگەری هاوڕەچەڵەكی لورو كورد لە هەموو نەتەوەیەكی دیكە زیاترە نەك تەنیا لەبەر ئەوەی كە زمانی لۆری شێوەی زارێكی زمانی كوردییە بەڵكوو لە ڕوخسارییانەوە ئێرانی[ئاریایی] بوونیان دیارە (د. ربیع بدیع زمانی)(٩). لە خوارەوە ناوی ئەو كەسانەی باسی شوناسی كوردیی، لوری بە ڕەچەڵەك كوردیان كردوە، كە خۆی دەربڕی زامێكی قووڵە لەسەر نەتەوەی جیاوازی دیتووی كورد.

**سەردەمی ئیسلام**

١ـ ئەولیا چەلەبی ٢ـ یاقوت حەمەدی ٣ـ جەودەت پاشا ٤ـ مێژووی تەبەری ٥ـ مێژووی مەسعودی ٦ـ كوڕی بەلخی(ئیبنی بەلخی) ٧ـ تاجوالعەروس ٨ـ مێژووی هەڵبژێدراو ٩ـ ئیستەخری ١٠ـ باوكی فەرەج(ئەبو فەرەج) ١٢ـ كوڕی حوقل(ئیبنی حوقل) ١٣ـ ئیدریسی ١٣ـ كتابوالئەتوال ١٤ـ مستۆفی ١٥ـ موعینی نەزەری ١٦ـ كوڕی قوتەیبە(ابن قتیبە) ١٧ـ (دایەرەتولمەعارفی ئیسلامی) ١٨ـ دایەرەتوالمعارفی توركیو هەموو نووسەرانی سەردەمی ئیسلام

**ڕۆژهەڵات ناسان**

١ـ هوتوم شندلر ٢ـ ئوسكارمان ٣ـ ف.پ.لیرخ ٤ـ هامسل ٥ـ ئەیشاك پولایان ٦ـ سێرجان مولكم ٧ـ دوكتور قریچ ٨ـ راولینسۆن

| پرسیارەکان | بەڵێ | نەخێر | نازانم | بێوەڵام یا لێڵ | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئایا لۆر بەشێکە لە نەتەوەی کورد | ٤٥٪ | ٤٥٪ | ٥٪ | ـ | ٥٪ |
| ئایا لۆر دەبێتە بەشێك لە نەتەوەی فارس | ٣٥٪ | ٤٠٪ | ٥٪ | ـ | ٥٪ |
| ئایا ئیتنیکێکی سەربەخۆیە | ١٥٪ | ٦٥٪ | ـ | ٥٪ | ٥٪ |

٩ـ براڤن ١٠ـ لۆریا ١١ـ پاول هورن ١٢ـ ماركۆ پۆلۆ ١٢ـ گاربە و زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان

**كوردەكان**

١ـ شەرەفخانی بدلیسی ٢ـ نورولڵا موورادی ٣ـ مەردۆخ كوردستانی

٤ـ ڕەشید یاسمی ٥ـ سورەیا ئیسفەندیاری ٦ـ د. سەفی بۆرەكەیی ٧ـ د. مارف خەزنەدار ٨ـ د. خوسرەو جاف ٩ـ د. قاسملو ١٠ـ د. جەماڵ نەبەز ١١ـ د. عەبدوڵڵا غەفور ١٢ـ تۆفیق وەهبی ١٣ـ زاهیر سارایی و زۆربەی هەرە زۆری ڕووناكبیرانی كورد

**ئێرانییەكان**

١ـ د. ڕەبیع بەدیع زەمانی ٢ـ میرزا زینولعابدین شیروانی ٣ـ دوكتور ئیبراهیم پوور ٤ـ د. ئەلی ئەلتایی ٥ـ ئەحمەد كەسرەوی ٦ـ ڕەزا باخ بیدی

بە ڕوانینێك لە بیرو بۆچوونەكانی مێژووزانانو نووسەرانی حەقیقەتخواز دەگەینە ئەو وێنا ڕاستو دروستە لە بارەی شوناسی كوردایەتیی لورەكان، كە تا كۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم هاوكات لەگەڵ پێكهاتنی حكوومەتی تا ڕادەیەك ناوەندگەرای قەجەرو هەروەها سانترالیزەی پەهلەوی، لە شوناسی كوردایەتیی لۆرەكاندا شكو گومانی تێدا نەبووە(١٠). بەڵام لەو كاتە بەم لاوە لەبەر هۆكاری جوگرافیایی، سیاسی، فەرهەنگی، دابەشینی وڵات، سیاسەتی یەكدەست كردنی پەیتا پەیتای حكومەتەكانی ناوەند، دراوسێیەتی دەگەڵ فەرهەنگی دەوڵەمەندو باڵادەستو كەوتنە ژێر كاریگەریی زمانی، فەرهەنگیو هەروەها پرۆپاگەندەی بەربڵاوی ڕاگەیەنەكانی تاقمێك ڕووناكبیری فارس لە لایەكەوەو لە لایەكی دیكەشەوە جیاوازیی زاراوەیی دەگەڵ دیالێكتیكی باكووریو ناوەندی كە تەوەری بزووتنەوەی ناسیونالیستی كوردی لە سەر شان بووە(١١)و جیاوازیی ئایینزایی دەگەڵ زۆربەی كوردانو هەروەها لاوازی تێوریكیو ماددیی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەرایی كوردو هەروەها تایبەتمەندیی دژكردەوەگەرایی ئەو بزووتنەوەیە وەك هەموو بزووتنەوە ناسیونالیستیەكانی دیكەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆتە هۆی پێك هاتنی قەیرانی قووڵی شووناسیی لەو ناوچەیەدا كە دەتوانێ ئاكامی قەرەبووی نەكراوی بۆ ئەو بەشە گرینگەی كوردانی بەدواوەبێ. ئەوەندە بەسە كە ئاماژەیەك بە تئۆریی سیمسی لە بارەی دەركەوتەی بێشوناسی بكەین كە سەرنج دەخاتە سەر فۆرمە پێنج لایەنییە كە لە بواری فەرهەنگی، كۆمەڵگەییو ڕەوانیدا، كە ئەگەر ڕەوتی توانەوە (ئاسیمیلە) لە فەرهەنگی باڵادەست دا درێژەی هەبێ، ئەو فۆرمە پێنج لایەنییە بە شێوەیەكی گرژتر دەردەكەون كە بریتین لە:

١ـ بێنۆرمی یا دژە نۆرمی (ئاكاری نائاسایی یان نالەباری ئاكاریی)

٢ـ بێدەسەڵاتی یا بێتوانایی

٣ـ بێهۆدەیی یا پووچی

٤ـ نامۆیی لە كۆمەڵگە یا نامۆیی كۆمەڵگە، لە دەستدانی كۆمەڵایەتی بوون

٥ـ نامۆ بوون لە خۆ یا نامۆیی لە خۆ(١٢).

قەیرانی شوناسی ئیتنیكی ETHNIC IDENNTITY CRISIS

دەتوانین قەیران بە هەڵكەوتەیی (Situation) یا دۆخ (Cricumstanco)ێكی تایبەت بزانین كە لەو دا گرووپی ئیتنیكی لەبەر هۆكارگەلی تایبەتی مێژووییو یا تازە سەرهەڵداو لە ناسینی ڕاستی حەقیقەتی وجوودیو مافی خۆیو ناساندنی ئەوان بە كەسانی دیكە دادەمێنێ... چۆنێتی ڕوانینی دەوڵەتی حاكم لەو گرووپە كۆمەڵایەتییانە، ڕۆڵێكی بەرچاو لە سەرهەڵدانی ئەو قەیران سازییە دەگێڕێو قەیرانیش بەسەر شێوەی جۆراوجۆری گەورە، چارەنووسسازو چكۆلە دابەش دەكرێو قەیرانی شوناسی كە لە لورستان دا كە هۆكاری جۆراوجۆرو نوێ سەرهەڵداو پێكیان هێناوە دەبێتە هۆی پێكهاتنی دیاردەی قەیرانی شوناسی، كاتێ تاكێكی لور نەتوانێ شوناسی خۆی كە پێی بە كۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە، كە تاك بە هەستی دەروونی خۆی دیارییان دەكا، پێناسە كا. چونكی هەستی شووناس كە لە تێكەڵبوونی كۆمەڵێك هەستی جۆراوجۆر پێك دێ وەك هەستی یەكگرتوویی، هەستیوەك یەكبوون، هەستی سەر بە نەتەوەیەك بوون، هەستی بایەخو بەها، هەستی سەربەخۆیی، هەستی باوەڕپێكراویی ڕێكخراو لەسەر بناخەی تەوەری ئیرادەی مەوجوود، ڕوونكەرەوەی كۆمەڵێك تایبەتمەندییە كە ئەگەری پێناسەی ڕوونی شتێك یا نەتەوەیەك پێك دێنێ (١٤)و چونكە شووناس دیاردەیەكی سەقامگیر (fixed) نیە لە ژێر كاریگەریی ئەو هۆكارانەی بواری گۆڕانو ڕوون بوونەوەی دەستبەسەر دەكەن ئەو ئەگەرە دێتەگۆڕێ كە تێكەڵ بە فەرهەنگی باڵادەست بێ (١٥)

ئەو قەیرانە چارەنووس سازەی شوناسی كوردی لە ناوچەكوردنشینەكان، باشووری ڕۆژئاوای وڵات بە هۆی ژین لە بەستێنی نەخۆشی مێژوویی كوردستاندا بۆتە هۆی ئەوەی كە ئەو قەیرانە قووڵە ئەو ناوچانە بگرێتەوە. كە دەتوانین ڕەهەندە سامناكەكانی ئەو قەیرانە چارەنووس سازەی كوردستان لە ئاكامی لێكۆڵینەوەكانی خوارەوە كە لە ناوچەكانی باكووری پارێزگای خوزستان كە لە شارەكانی دیزفوول، شووشو ئەندیمێشك كراوە بەدی بكەین.(١٦) كە قووڵ بوونەوەی ئەو قەیرانە ویژدانی هەموو مرۆڤێك دەهەژێنێ.

* سەرچاوەكان لە ئارشیوی ڕۆژنامەدا پارێزراون

## پەیڤ

# كۆنگرەی ١٤و دیاردەی لیستو مەترسییەكانی كاریزما

كەماڵ شەریفی

دوو فاقیەتییەك لەناو وەڵامو پاساوی ئێمەدا بەرامبەر بە هێندێك پرسیار بووە بەهۆی ناڕوونیو ڕاڤەی جیاواز لە پێكهاتەی حیزبو ئەركی شۆڕش. یەكێك لەم دوو فاقیەتییانە كە هێندێك جار گەیشتووەتە ئاستی پارادۆكس بوونی وەڵامەكان، پێناسەو شوناسی حیزبە. بۆ وەڵامی هێندێك پرسیار خۆمان وەك حیزبێكی مۆدێڕنو كۆپی ئەحزابی ڕۆژئاواییو دژ بە توندوتیژیو ئاشتیخواز پێناسە كردوە، تەنانەت تا ئەو جێگایەی كە سەرسامین لەوەی بتوانین لە فلانە كۆنگرە یا دانیشتنی فەرمیی پارلمانی فلانە وڵاتی ئورووپاییدا وەك میوان بەشدار بینو هێندێ جاریش سەرمان لێ شێواوە پێمان وابووە كە حیزبێكی یونیڤێرسالین. سەیر ئەوەیە كە وەڵامی هەر ئەو جۆرە پرسیارانە لە زۆر شوێندا ئێمەی وەك حیزبێكی تەواو لۆكاڵی، حیزبێك كە هەموو غەمی تەنیا ڕۆژهەڵاتی كوردستانە، ناساندوەو چیەتیی خۆیشی لە بەرزكردنەوەی گوتاری ناسیونالیستیی بەرتەسكو سنووردار‌دا كورت كردۆتەوە. ئەم وەڵامانە لە ئەساسداو بە هیچ شێوەیەك ناڕواننە چیەتیی خەباتو ڕەوتی شۆڕش.

هەموو وەڵامە لوژیكییەكانیش لە سنووری فەرهەنگێكی سیاسی تێناپەرێت. ئێستاشی لەگەڵ بێت ئێمە خاوەن وردكراوەیەكی بەرنامەو پێرەو نین، ئەمە خۆی گرفتێكە كە هەر كەس دەتوانێت بەكەمێك سەفسەتە كارییەوە گەورەترین كڵاو بكاتە سەر ئەو دوولاپەرە ئەجندایەی حیزب.

توخمی سەرەكیی ئەم جۆرە وەڵامانە ڕێگە خۆش كردنە بۆ هێژموونیو هەیمەنەی گرووپێكی تایبەت بەو شەخسە بەسەر حیزبدا. ئەمە وای كردوە لە هەر ئانو ساتێك دا تەفسیرێكی جیاوازمان بۆ دێموكراسی پێبێت، گەر كەمینە بین دێموكراسی واتا فەلسەفەی پێكەوە هەڵكردنو گەر بزانین زۆرینەین لە نێو دێموكراسیدا تەنیا حوكمرانیی زۆرینەو ملكەچیی كەمینە دەبینن. بۆ وەڵامی دیاردەیەك بەناوی لیست تەنیا وەڵامێك كە لەلایەن لیستەدانەوە وەك لۆژیكێك پشتی پێدەبەسترێ ئەوەیە كە دانی لیست كردەوەیەكی دێموكراتیكانەیەو لە زۆربەی حیزبە ئورووپاییەكانیشدا ئەم كارە دەكرێ. لیست لە وڵاتانی ئورووپاییو لەنێو ڕۆژئاواییەكانو حیزبە دێموكراتەكاندا لە چەند شوێن خۆی دەردەخات بە تایبەت لەم سێ شوێنەی خوارەوەدا:

یەكەم، لە پارلماندا، واتا لەو شوێنەی كە چەند حیزبێكی دەسەڵاتدار لە ڕەكابەریدان،

دووهەم، لەنێو ئەو حیزبانەی كە خاوەن چەند باڵو فراكسیۆنی جیاوازنو سێهەم، لەلایەن سەرۆك كۆمار یا سەرۆك وەزیران بۆ دیاری كردنی كابینەی دەوڵەتەكەی.

كۆنگرەی حیزب نە ئەو پارلمانەیە كە چەند حیزبێكی تێدابێو نە حیزبی ئێمەش خاوەن چەند باڵ یا فراكسیۆنو نە كاریزماكەی ئێمەش سەرۆك كۆمار یا سەرۆك وەزیرانە كە مەرجەكانی ئەوەمان هەبێت بتوانین بۆ داهاتووی ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە لیست بدەین. لە نێو حیزبێكدا كە نە باڵمان هەبێو نە فراكسیون، دانی لیست هیچ واتایەكی نیە جگە لە دابەش كردنی ئەندامانی حیزب بە شایستەو ناشایست، دروست كردنی جۆرێك فراكسیون لەلایەن چەند كەسایەتەكەوە یان ڕێگا خۆش كردنە بۆ دروست كردنی كاریزمایەكی حیزبیو هەیمەنەی گرووپێكی گوێرایەڵی ئەم كاریزمایە بە سەر حیزبدا. دانی لیست خۆبە قەیووم زانینی چەند كەسێكە بەسەر پەیكەری حیزبدا. هیچ جیاوازییەكی بنەمایی لە نێوان لیستی فیكسو نا فیكسو پێشنیاریدانیەو هەر جۆرە پاساوێكیش بۆ سەلماندنی جیاوازیی ئەم جۆرە لیستانە جۆرێك سەفسەتەیە.

ئەو لیستەی كە دەدرێت بە دڵنیاییەوە دەنگی متمانە بەدەست دێنێت. چونكە كەسایەتیەك لە پشتی ئەم لیستە دایە كە نزیك بە گشت ئەندامانی حیزب باوەڕیان پێیەتی. لە یادمان بێ ئەمە نەك خاڵێكی نگەتیڤو دروست كردنی كاریزمایەكی حیزبییە بەڵكوو هەنگاونانە بەرەو دروستكردنی كەسایەتییەكی باڵاتر لە كاریزماو ئەمەش مەترسییەكی گەورەیە بۆ داهاتووی ئەم حیزبە دێموكراتە. دروست كردنی كاریزما ئەویش لە جۆری حیزبیەكەی مۆراڵی حیزبێكی خاوەن ٦٣ ساڵ خەبات نیە. ئەمە مۆراڵی ئەو گچكە حیزبانەو هێندێك حیزبن كە ئاوها كاریزماییەك دەسەڵاتیان لە یاساو پرۆگرامی حیزب بەرزترو زۆرترە. جا ئەو كاریزمایە باوكێك بێ بە گۆچانەكەیەوە یا سەركردەیەكی خاوەن شەجەرەی سەركردایەتی بێ یا سوفستاییەك یا كەسایەتییەكی دێموكرات بێ هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێت.

دانی لیست لە زۆربەی كۆنگرەكانی ئێمەدا كێشەی بۆ ئاییندەی ئەم حیزبە دروست كردوەو توانیویەتی قەیرانێكی چەندین ساڵەی بۆ دروست بكات. جێگەی پرسیارە بۆ بەدەستی خۆمان كێشەو قەیران بۆ داهاتووی ئەم حیزبە دروست كەین. لە داهاتوودا هەر هەڵەو گەندەكاریەكی ئەندامانی نێو ئەم لیستە هەڵەو گەندەڵیی كەسانی دارێژەری ئەم لیستەن، سبەی ناچارە بە هەر قیمەتێك بێ دفاع لەم هەڵەو گەندەڵ كاریە بكات. حیزبی دێموكرات موڵكی كەس نیە كە بە كەڵكاژۆ كردنی ئەو هەیمەنەیەی پێیدراوە لیستی شایستەكانی خۆی پێ سەربخات. ئەمە كایە كردنە بە متمانەی ئەندامانی حیزبی.

بەو هیوایەی كە لەم كۆنگرەیەدا لیست (لە ژێر هەر ناوێكەوە) نەدرێتو حیزبی دێموكراتیش موڵكی هەمووان بێ.

# ٨ی مارس رۆژی هاوپێوەندیو هاوخەباتیی ژنانی جیهان

٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان، هەلێکە بۆ هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکانی جیهان تا لەو رۆژەدا پشتوانیی خۆیان لە خەباتی رەوای ژنان دەرببڕن. ئەم رۆژە رۆژی ناڕەزایەتی دەربڕینی ژنانو پیاوانی بەرابەریخوازە لە دژی نابەرابەرییەکان. رۆژی هاوپێوەندیو هاوخەباتیی هەموو ژنانی جیهانە بۆ وەدستهێنانی مافە ئینسانییەکانیان. ئەم رۆژە لەم بارەیەوە گرنگیی هەیە کە ژنان سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی، ئایینیو ... لە دەوری یەک بۆ یەک ئامانجی خەبات واتە، خەبات بۆ مافی ئینسانیی وەك یەك کۆدەکاتەوە

کوێستان فتووحی

٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان، هەلێکە بۆ هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکانی جیهان تا لەو رۆژەدا پشتوانیی خۆیان لە خەباتی رەوای ژنان دەرببڕن. ئەم رۆژە رۆژی ناڕەزایەتی دەربڕینی ژنانو پیاوانی بەرابەریخوازە لە دژی نابەرابەرییەکان، رۆژی هاوپێوەندیو هاوخەباتیی هەموو ژنانی جیهانە بۆ وەدستهێنانی مافە ئینسانییەکانیان. ئەم رۆژە لەم بارەیەوە گرنگیی هەیە کە ژنان سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی، ئایینیو ... لە دەوری یەك بۆ یەك ئامانجی خەبات واتە، خەبات بۆ مافی ئینسانیی وەك یەك کۆدەکاتەوە .

لە ٨ی مارسی ١٨٥٧دا، ژنانی کرێکاری کارگەیەکی دروونو چنین لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا لە دژی حوقووقی نابەرابەری کرێکارانی ژن لەگەڵ کرێکارە پیاوەکانو هەروەها بە دژی هەلومەرجی سەختو دژی ئینسانیی کار لەو کارخانەیەدا خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. ئەو خۆپیشاندانە لە لایەن پۆلیسەوە بە توندی سەرکوت کراو ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی کرێکار گیانیان لەدەست دا. سەرەڕای ئەو سەرکوتە توندەی پۆلیس، خەباتی ژنانی کرێکار لە ئەمریکا بۆ باشتر بوونی هەلومەرجی کارو حوقووقی بەرابەر لەگەڵ پیاوان هەر بەردەوام بوو.

ساڵی ١٩١٠ لە دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سوسیالیست لە کۆپێنهاك خانمی کلارا زتکین کە یەکێك لە سیاسەتمەدارانو رێبەرانی چەپی ئورووپا بوو، بۆ رێزگرتن لە خەباتی ژنانو پشتیوانی لە مافەکانیان، رۆژی ٨ی مارسی وەك رۆژی جیهانیی ژن پێشنیار کرد کە ئەو پێشنیارە دواتر لە لایەن کۆنگرەی سوسیالیستەکانەوە پەسند کرا. ئیدی لەو کاتەوە ساڵ لە دوای ساڵ یادکردنەوەی ئەو رۆژە رووی لە زیاد بوون کردوەو ئەو رۆژە بووە بە رۆژی هاوپێوەندیی ژنان لە هەموو جیهانو، بۆتە بۆنەیەکی جیهانیو لە هەموو دنیادا بە شێوەی جۆراوجۆر یادی دەکرێتەوەو رێز لە خەباتو تێکۆشانی یەکسانیخوازانەی ژنان دەگیرێ.

ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بکەین بە بەراورد لەگەڵ ١٠٠ ساڵی رابردوو، ژنانی جیهان دەتوانین بڵێین بە زۆر لە مافە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانیان گەیشتوون، بەڵام دیسانیش رێگایەکی زۆر ماوە تا کۆمەڵگای جیهانی بگات بە ئامانجەکانی ٨ی مارس. سیستەمێکی پیاوسالاری، کە سیستەمێکی نابەرابەرو نادادپەروەرە، ئێستاش بە سەر هەموو جیهاندا زاڵە. ژنان لە زۆر وڵاتدا لە مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوان بێبەشن، وەك هاووڵاتێکی پلە دوو سەیر دەکرێنو توندوتیژی دژی ژنان لەواندا بە هۆی ژن بوونیانەوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەر ناحەزەکانی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە ئەم سەردەمەشدا.

وڵاتی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەیە کە لەودا ژنان لە زۆر مافی ئینسانیی خۆیان بێبەشنو بە توندترین شێوە لە لایەن یاساو کولتووری پیاوسالارەوە دەچەوسێنەوەو مافەکانیان پێشل دەکرێ. رێژیمی کۆنەپەرستو دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامی، پارێزەرو پشتیوانی کولتووری پیاوسالار، سێ دەیەیە بە بیانووی جۆراوجۆر ژنانی ئەم وڵاتە دەچەوسێنێتەوە. حیجابی زۆرە ملیو نابەرابەریی جینسی لە کۆمەڵگای ئێراندا تەنیا گۆشەیەکە لە پێشێل کرانی مافە ئینسانییەکانی ژنان لەو وڵاتەدایە. سەرکوتو توندوتیژیی دژی ژنانی چالاكو خەباتکار لە لایەن کۆنەپەرستانی دەسەڵاتدارەوە هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ئەو رێژیمەوە دەستی پێکردوەو ئێستا رۆژ لەگەڵ رۆژ توندتر دەبێ. ژنانی ئێران لەگەڵ ئەو هەموو سەرکوتو زەبروزەنگەی لە دژیان

بەرێوە دەچێ هەر وا لە سەر ویستەکانی خۆیان پێداگرنو ئازایانە خوازیاری ئاڵوگۆڕ لە یاساکانی ئەم وڵاتەدان، ئەو یاسایانەی بوونەتە هۆی چەوسانەوەو زوڵمو ستەم لە دژی ژنان. ژنانی ئێران زۆر باش لەوە گەیشتوون کە گەیشتن بە




خواستەکانیان بە بێ ئاڵوگۆڕ لە یاساکاندا مەحاڵە، بۆیە بزووتنەوەیەکی بەرینیان لە دژی یاسا پڕ لە نابەرابەرییەکانی ئەم وڵاتە وەڕێ خستوە. "کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا"کە نزیك بە دوو ساڵە لە تەوای ئێراندا وەڕێ خراوە، یەکێکە لە گەڵاڵە گرنگەکانی ئەمڕۆی ژنانی بەرابەریخوازی ئێران. ئەو کەمپەینە خوازیارە حکوومەت چاوبخشێنێتەوە بەسەر یاساکانداو، بە پێی پەیماننامە جیهانییەکان، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێنێ. کۆماری ئیسلامی کە دژی هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو بەرابەریخوازانەیە، کەوتۆتە سەرکوتی چالاکانی ئەم بزووتنەوەیەو هەر رۆژە لە شوێنێك دەیانگرێو رەوانەی زیندانیان دەکا، یان پێشی کۆڕو کۆبوونەوەیان لێ دەگرێ. بەڵام گرتنو لێدانو شەللاق، شکەنجەو ئازار، ژنان ناترسێنێو ئەوان خەباتی خۆیان رۆژ لەگەڵ رۆژ توندتر دەکەن. ئەمەش ترسێکی گەورەی خستۆتە دڵی کۆنەخوازانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا. چونکە دەزانن کە بزووتنەوەی ژنان نەخشێکی سەرەکیی لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگای ئێرانو پاڵپێوەنانی بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووو ئینسانیدا هەیە، گۆڕانێکی لەو چەشنەش بە واتای مەرگی کۆماری ئیسلامییە.

رۆژی ٨ی مارس رۆژێکە کە بزووتنەوەی ژنان بە کۆمەڵگای پیاوسالار رادەگەیەنێ کە " زوڵمو ستەمو نابەرابەری بەسە ! " رادەگەیەنێ کە پێوانەی ئازادیی کۆمەڵگا، ئازادیی ژنانە. رادەگەیەنێ تا ژنان ئازاد نەبن، کۆمەڵگا ئازاد نابێ، رادەگەیەنێ هەتا خواستەکانی ژنان کە دابینبوونی مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوانە نەیەتە دی، دەست لە خەبات هەڵناگرێ. ئەگەر ئەمڕۆ وەزعی ژنان لە ١٠٠ ساڵ پێشتر باشتر بووە، بەرهەمی خەباتو تێکۆشانی ژنانو پیاوانی یەکسانیخوازە.

ژنانی کوردستانیش لە ٨ی مارس دا، تێکەڵ بە ژنانی جیهان دەبن. ژنانی مەینەت چێشتووی کوردستان بە درێژایی مێژووی خەباتی نەتەوەکەیان چالاکانە بەشدارییان کردوە، بەڵام بەداخەوە کەمتر ئاوڕیان لە کێشەی خۆیان داوەتەوە، بۆیە ئەمڕۆ ئیدی ئەوانیش بەو ئاستە لە ئاگایی گەیشتوون کە نابێ کێشەی خۆیان پشت گوێ بخەن. ئەوە کەمتەرخەمییەکی گەورە دەبێ کە لەبەر خاتری خەباتی نەتەوایەتی - کە ئەرکێکی گرنگو پێویستی سەرشانی هەموو تاکێکی کوردە- کێشەی خۆیان پشت گوێ بخەنو بەکەمی بگرن. ئەوان زۆر وشیارانە بۆ نەهێشتنی هەر دوو ستەمەکە لە مەیدانی خەبات دان. بەداخەوە هێزە نەتەوەییەکان کەمتر بایەخیان بە رەنجو تێکۆشانو ویستەکانی ژنان داوەو ئاوڕێکی جیددیان لە مەسەلەکانیان نەداوەتەوەو مەسەلەی ژنانیان لە نێو کێشە نەتەوایەتییەکاندا فەرامۆش کردوە. هەر بۆیە بایەخدان بە مافەکانی ژنان تەنیا وەك دروشم لە بەرنامەکانیاندا ماوەتەوە. بەڵام بە بەخۆشییەوە ئێستا ئیدی خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لە کوردستانیش لە حاڵی پەرەسەندن دایەو بە هۆی وشیاریی کۆمەڵگە، حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیش ناتوانن هەروا بە ئاسانی خواستەکانی ژنان بە کەم بگرنو ئاوڕی جیددیی لێنەدەنەوە. حیزبەکان ئەگەر خوازیاری دیموکراسیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئازاددان دەبێ هەر لە ئێستاوە خەباتی بۆ بکەنو بۆ نەهێشتنی دابونەریتە دواکەوتووەکانو سڕینەوەی کۆتو بەندەکانی کولتووری پیاوسالاری، کە کۆسپی سەرەکیی سەر رێگای بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایە، تێبکۆشن.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

## فیلم

لە تیۆریی فیمینیستیدا راڤە کردنی دەرکەوتنی ژنان لە فیلمە پڕ بینەرەکان داو شیکردنەوەی جێگرەوە فیمینیستییەکان، ماڤ گەلێکی گرنگ پێك دێنن.

شەپۆلی یەکەمی رەخنەگرتن لە سینەمای فیمینیستی ڕوانینێکی زۆرتر کۆمەڵناسانەی گرتەبەرو وێنا کردنەوەو رۆڵە جنسییەکان لە سینەمایدا، راڤە کرد. دوایە لە ژێر کاریگەریی "نیشانەناسی"دا تیۆر دارێژرانی فیمینیست، لە رۆڵی راگەیەنی سینەما لە دروستکردنی واتادا نیگەران بوونو خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لەم نیگەرانییە تەرخان کرد. ئەم کارە رێگای بە رەخنەگران دا تا لە بارەی ئوستورە پیاو سەردارانەکان لە نێو بنەماڵەو لە بواری جنسیەتدا پێکهاتەشکێنی بکەن(Kaplan, ٩٨٣ ).

بنەماکانی میتۆدی لێکۆلینەوەی دەروونی لە بەرنامەی فیمینیستیی تێگەیشتن لە سینەمادا، هەنگاوێکی بنەڕەتی بوو. ئەم میتۆدە دەرەتانی



ئەوەی بۆ فیمینیستەکان پێك هێنا لە بارەی رۆڵی بینەرو جیاوازیدانانی جینسی پرسیار بێنێتە گۆڕێ. بە کەڵکوەرگرتن لە راڤەی "لاکانی"، "مالڤی" بیردۆزەیەکی لە بارەی زاڵبوونی روانینی پیاوانە لە فیلمە کلاسیکەکانی هالیوود دا هێنایە گۆڕێو دەریخست کە سینەما بە گرتنەپێشی زمانێکی پیاوتەوەرانە دەبێتە هۆی بێدنگی، ونبوونو بۆ پەراوێز پاڵ پێوەنرانی ژنان(١٩٧٥ Malvex). لێکۆلینەوەی دەروونی، بوو بە میتۆدێکی زیندوو بۆ رەخنەی فیمینیستی. هەم لە بەر ئەوەی دەرەتانی بە بیردۆزی فیمینیستیدا بیردۆزانی سینەما لە گەڵ پرسە فیمینیستییەکانی دیکەی وەك پۆرنۆگرافیو جیاوازیدانانی جینسی لێك گرێ بدا، هەم لە بەر ئەوەی هاندەری ژنان فیلمساز بوو بۆ ئەوەی فیلمی ئەوتۆ دروست بکەن کە پاشەکشە بە بینەری نێری دەسەڵاتدار بکەن، بۆ وێنە شانتال ئاگێرمەن، مارگارێت دورانسو مارگارێت فال تروتا.

تیۆرییە نوێیەکان گرنگی بە پرسەکانی وەك رەگەزپەرستی، ژنانی رەش، دۆستایەتیی ژنانەو دابەشینی فیمینیستی دەدەن(١٩٨٦ . Brunsdon)

سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریە-های فیمینیستی -لاپەری ١٦٨

## لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 481 5 March 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


# بەر لە مالاوایی

# مالاوایی لە وەرزێك و دەسپێکی وەرزێکی نوێی تێکۆشان

**کاوە ئاهەنگەری**

بەر لە مالاوایی لە قۆناخێك لە خەباتو تێکۆشان دروست وایە بەچاوخشاندنەوەیەك بە کەموکووڕییەکانو لاوازییەکانی ئەم قۆناخەو پێویستیەکانی قۆناخی ئێستای خەبات بەردی بناخەی هەنگاوەکانی داهاتوومان دانێینو بەواتایەکیتر لانیکەم بە خەسارناسی (پاتۆلۆژی)ی چەند ساڵی رابردوومانەوە بچینە نێو کۆنگرەی چاردە. بۆ هەموومان روونو ئاشکرایە کە لەدوای کۆتایی کۆنگرەی سێزدەوە هەتاکوو ئێستا کۆمەلێك گۆڕانو رووداو لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستو ئێرانو کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە کە توانیویانە لەسەر حیزبی دێموکراتو تواناییو هێزی ئیجرایی حیزب شوێندانەر بن. بەتایبەت بەدوای رووخانی رێژیمی بەعس زۆر هاوسەنگیو گومانو لێکدانەوە هاتنە ئاراوەکە لەم پێوەندییەدا، ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆمان دەرکەوت "سیاسەتی بێ سیاسەتی" بوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران مەیدانو مەجالێکی فرەوانتر و شێواوتری بۆ رەخساو توانی بە کەلك وەرگرتن لەم دەرفەتانە بە کۆمەلێك دەسکەوت بگا. بۆ کوردیش گەلێ گومانو پرسیارو ناهۆمێدیی نەگەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش (لە نێوان هێزەو حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان)، شکستی نێوحیزبی، قوولترو بەرینتر بوونەوەی کێشە کۆمەلایەتی، کولتووریو سیاسییەکانو دەیان هەلکشانو داکشانی دیکە هاتنە ئاراوەو هەمووی ئەم رووداوو گۆڕانکارییانەش دەکەونە نێوان ئەم دوو کۆنگرەیەو هاوڕێ لەگەلْ کۆمەلێك گۆڕانکاریی نێونەتەوەیی کە هەم حیزبو هەم خەلکی کوردستانی بەرەو نوێبوونەوەو چاکسازی هانداوە.

وادیارە کە رێبەرایەتیی حیزب بە دەرك کردن بە ئەم زەروورەتە بەرەو کۆنگرەی چاردەی خۆی دەروا. حیزبێك کە ئیدعای دێموکرات بوونی هەیە، بە پێچەوانەی حیزبێکی ئیدیۆلۆژیك ـ کە تێدەکۆشێ خەلك بخاتە نێو قالبی فیکریو باوەڕی خۆیەوە ـ لە سەریەتی بە خوێندنەوەکی زانستیو ریئال لە کۆمەلگاو نەتەوەکەی خۆی بەرەو دارِشتنو نووسینەوەی ئەركو بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی بۆ وڵامدانەوە بە جیهانی ویستو داخوازەکانی ئەمرۆکەو چەند ساڵی داهاتووی خۆیو گەلەکەی هەنگاوی کردەییو جیددی هەلبێنێتەوە. بە واتایەکیتر دەتوانین بلێین کە کۆنگرەی چاردە کۆنگرەی خوێندنەوەو لێکدانەوەی بەشدارانو رێبەرایەتیی پێشووی حیزب لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەلگای کوردەواریو موتالای ویستو پێداویستییەکانی ئەمرۆو داهاتووی دوورو نیزیکی حیزبو نیشتمانەو کۆنگرەی رووبەروو بوونەوە لەگەلْ رووداو و دیاردە کۆمەلایەتی، سیاسیو کولتوورییەکانی ئەمرۆی کۆمەلگای کوردستانو کۆنگرەی چاوەڕوانییەکانی هەموو چینو توێژێکی نێوخۆی کوردستانو دەرەوەی وڵاتە. کۆنگرەی چاردە دەتوانێ ببێتە مەکۆی بڕیاری جیددیو عەمەلی بۆ جێگیرکردنی (نهادینە کردنی) دیسکێورسی سیاسیی سەردەم لە نێو رێبەرایەتیو بەدەنەی حیزب لەلایەكو هەمو چینو توێژەکانی کۆمەلگای کوردستان بەگشتیو رووناکبیرانو هزرمەندانی کورد بەتایبەتی.

گومان لەوە دا نیە کە هەموو خەلکی کوردستان، کەسایەتیو هێزە سیاسییەکان، رووناکبیرانو تەنانەت نەیارانو دوژمنانی حیزبو گەل دەڕواننە ئەم کۆنگرەیەو ئاستو چۆنایەتیی لێکدانەوەو بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆتایی کۆنگرەی چاردە. بۆیە لەگەلْ هەمووی ئەوانەدا دەتوانم بلێم کە بەپێی ئەم چاوەڕوانییانەی لە کۆنگرەی چاردەو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەن، جێی خۆیەتیو دەبێ دیققەتو جیددیەتی حیزبو بەشدارانی کۆنگرە بە نیسبەت مامڵە کردنو جووڵانەوە لەگەلْ هەموو ئەو باسو بابەتو پلانو بیرۆکانەی کە لە کۆنگرەدا دێنە ئاراوە، زێدەترو بەرپرسانەتر بێ. کەوابوو ئەم کۆنگرەیە، بە حەق دەبێ کۆنگرەی رێفۆرم بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ.

گومان لەوە دا نیە کە پێداچوونە بە بەرنامەو پلانە جێبەجێ کراو و لە بیرکراوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوای کۆنگرەی سێزدەو، زەروورەتی خەباتی سەردەمو هەر جۆرە چاکسازییەکیش دەبێ لە واقیعی کۆمەلگای کوردستانەوە سەرچاوە بگرێت. بەبێ بوونی هێلێكو پێوەندی لە نێوان خەلكو حیزبدا باسکردن لە چاکسازیو گۆڕانکاری زۆرتر دەچێتە نێو خانەی فانتازیاو تیئۆریی رووتەوە. کەوابوو بەر لە مالاوایی لەم قۆناخە لە تێکۆشان با هەمووومان پێکەوە بە خوێندنەوەیەکی نوێو زیاتر لە جاران زانستیترو عەمەلیتر بچینە نێو هۆڵی کۆنگرەی چاردەو بە خەسارناسییەکی شیاو لە حیزبو کۆنگرەی پێشوومانو بارودۆخی خەلکی کورد لە ناوچەو رۆژهەلاتی کوردستان وەرزێکی نوێو پڕبەرهەمتر لە تەمەنی خەباتمان بۆ گەلو نیشتمان دەست پێبکەین.

# چوونە دەرەوە لە پەروین ئەردەلان قەدەغە کرا



رۆژی دووشەممە ١٣ی رەشەممە لە کاتێك دا پەروین ئەردەلان چالاکی مەدەنیو مافەکانی ژنان دەیەویست بە مەبەستی وەرگرتنی خەلاتی ئولاف پالمە بەرەو سوئێد سەفەر بکا، بە فەرمانی دادستان لە فرۆکە دابەزێنراو دەست بە سەر پاسپۆرتەکەی داگیرا.

پەروین ئەردەلان یەکێك لە وەرگرانی خەلاتی ساڵی ٢٠٠٧ی ئولاف پالمەیەو بڕیار بوو رۆژی ١٦ی رەشەممە لە رێورەسمی تایبەتی بەخشرانی خەلاتەکانی پالمەدا بەشداری بکا.

# وێنەکانی کارەساتی هەڵەبجەو سەردەشت لە پێشانگایەك دا



لە بیستەمین سالوەگەڕی کارەساتی هەلەبجەدا کۆمەلێك لە خوێندکارانی کوردی زانکۆی تەربیەت موعەلیمی تاران (بەشی پەردیسی کەرەج) بە کردنەوەی پێشانگایەکی وێنەی شەهیدانو بریندارانی بوردمانی شیمیایی شارەکانی هەلەبجەو سەردەشت یادی ئەو کارەساتانەیان کردەوە.

لەو پێشانگایەدا زیاتر لە ٢٠٠ وێنەی ئەو کارەساتانەو کۆمەلێك بابەتو نووسراوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان کە پێوەندییان بەو کارەساتانەو بەگشتی ژینۆسایدی نەتەوەی کوردەوە هەیە خرابوونە روو.

شایانی باسە پێشانگاکە رۆژی ١٣ی رەشەممە کراوەتەوەو تا رۆژی ٢٠ی رەشەممە درێژەی دەبێو لە یەکەم رۆژی کرانەوەیدا کۆمەلێکی زۆر لە خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆ سەردانیان کرد.

سەرچاوە ماڵپەڕەی خوێندکارانی کورد

# چاپکراوی نوێ




ژمارە ٢٢ی گوڤاری تیشك کە بلاوکراوەی کومیسیونی لێکۆڵینەوەو بارهێنانی حیزبی دێموکرای کوردستانە چاپو بلاو کرایەوە. ئەم ژمارەیەی تیشك کومەلێك نووسینو توێژینەوەو بابەتی وەرگێڕدراوی لەخۆ گرتوە. تیشك گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی، گشتیە.




**بەجیهانیبوون، کولتوور، شوناس**

ناوی نووسەر: ئەحمەد گولْ محەمەدی - ناوی وەرگێر: عەولا بەهرامی - ناوەندی بلاوکردنەوە دەزگای موکریانی ـ ساڵی چاپ ٢٠٠٨

# سوئێد : هونەرمەندانی کورد سەندیکایەك پێك دێنن



دوا بە دوای ئەو کۆنفرانسەی کۆمەڵەی فیدراسیۆنی کورد لە ستۆکهۆڵم بۆ هونەرمەندانی بەتواناو ناسراوی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکی هێنا، رۆژی ٤ی مارس لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دامەزرێنەری سەندیکای هونەرمەندانی کورد لە وڵاتی سوئێد یەکەم کۆبوونەوەی خۆی پێك هێنا. ئەم لێژنەیە راسپێردراوە پێڕەو پرۆگرامی سەندیکای ناوبراو ئامادە بکاو بڕیاریشە لە مانگی مەیدا کۆنگرەی دامەزرانی ئەو سەندیکایە پێك بێ.

شایانی باسە ئەو سەندیکایە سەربەخۆ دەبێو یەکێك لە هەولەکانی ئەوەیە پێوەندییەکی پتەو لەگەلْ حکوومەتی هەرێمی کوردستانو هونەرمەندانی کورد دروست بکا.

## مرواریی دەریای وشە

گەلێ جار بێرەنگی لە هەموو رەنگێك جوانترو بەکەلك ترە. شاتو بریان

مرۆڤ جارجارە پێویستە پیلووی چاوەکانی لەسەر یەك دابنێ، چونکی زۆر جار نەدیتن خۆی جۆرێك بەختەوەرییە . نیو

رق هەر هەمان تووڕەییە کە لەسەر یەك کەڵەکە دەکرێ. سیسرۆن

هیچ زستانێك نیە بەهاری بەدواوە نەبێ.
شاتو بریان

